# سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی چەرموو بۆ تاوانی ئەنفال و جینۆساید جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و ڕەنگدانەوەی لە خامەکەی جەمال غەمباردا

ئامادەکردنی : ئاوات خورشید محمد

## دەستپێك

جینۆسایدی ئێزیدییەکان یەکێکە لە ڕووداوە پڕ لە تراژیدیانەی سەدەی بیستویەك کە کاریگەری ناوخۆی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە ,بەهۆی گەورەیی کارەساتەکەوە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە ئەنجامدرا، تێیدا بەسەدان کەس کوژران و بەهەزاران کەس ئاوارە و دەربە دەر بوون و ژمارەیەکی زۆر لە کچ و ژنانی ئێزیدی ڕفێندران، ئەدەب وەکو یەکێکە لە لایەنە کان تیشکی خستۆتەسەر ئەم ڕووداوە و بەشێك لە شاعیران لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە، جەمال غەمباریش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەم بابەتە دواوە و شیعری بۆ ئەم تاوانە گەورەی کەبەسەر کوردانی ئێزیدیی هات، نووسیوە و کە بووەتە هەوێنی ئەم توێژینەوە یە .

### -1-0کێشەی توێژینەوە :

بوونی کێشە و گرفتێکی وەك جینۆسایدی ئێزیدییەکان، گرنگ و پێویستە شارەزایان و توێژەران توێژینەوەی جۆراوجۆری لەبارەوە بکەن، بەمەبەستی دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی ئە م کارەساتە گەورەیە، تاکو لە ڕێگەیەوە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی جینۆسایدکردنی کورد بگیرێت و  لایەنەکانی شیبکاتەوە و بتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە .ڕووداوی هێرشکردنە سەر شەنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بووە هۆی جینۆسایدکردنی هەزاران کەس و ڕفاندنی سەدان کچ و ژنی ئێزیدی و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی .ئەم کارەساتە یەکێکە لە کارەساتە تراژیدییەکانی سەدەی بیست و یەك کە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورە و گرنگە کە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە هەیە، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکی بچوکە بۆ خستە ڕووی بەشێك لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کوردانی ئێزیدی بووەتەوە .

### -2-0ئامانجی لێکۆڵینەوە:

-1خستنەڕووی مێژووی ئێزیدییەکان و ئاشناکردنی بە خوێنەران.

-2هەڵدانەوەی پەردە لەسەر بەشێك لەو هێرش و پەلامارانەی کە لە کاتە جیاوازەکاندا کراونەتە سەر ئێزیدییەکان کە بوونەتە هۆی کوشتن و ئاوارەبوونی ئێزیدییەکان.

-3ڕاستکردنەوەی هەندێك قسەو بیروباوەڕانەی سەبارەت بە ئێزیدییەکان کراون لەوانە : وەك دەوترێت ئێزیدییەکان دەگەڕێنەوە بۆ) یەزیدی کوڕی مەعاویە(هـ، و ئێزیدییەکان) شەیتان پە رستن . (

**-3-0 گرنگی توێژینەوەکە :**

-1توێژینەوە سەبارەت بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان بۆ خۆی بابەتێکی زیندووی ڕۆژە و زۆر گرنگە، هەوڵدراوە بەوردی تیشك بخرێتە سەر ئێزیدییەکان و مێژووی ئەو شاڵاو و پەلامارانە ی لە ڕابردوودا کراوەتە سەر ئێزیدییەکان، پاشان هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ڕێکخراوی داعش و مێژووی سەرهەڵدان و جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزیدی .

-2دەقی) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە (ی شاعیری ناوداری کورد) جەمال غەمبار (هـ، یەکێکە لە دەقە جوان و ناوازەکانی کە پێشکەشی کچ و ژنە ڕفێنراوەکانی ئێزیدیە کانی کردووە، بەڕادەی پێویست توێژەران ئاوڕیان لێنەداوەتەوە .

-3هەوڵدراوە بەشێوەیەکی زانستیانە و بێ لایەنانە تیشك خراوەتە سەر بابەتەکە و بە پشت بەستن بەسەرچاوە مێژووەییەکان.

**-4-0هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە :**

دەقی شیعریی) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە (باسی کێشەی واقیعی و زیندووی ڕۆژە، کە جینۆسایدی ئێزیدییەکانە، زیندوێتی بابەتی داعش کە بووەتە جێی مەترسی بۆ هەموو جیهان و بەتایبەتی کوردستان، توێژینەوە لە بارەی داعش و خستنەڕووی شوناس و تایبەتمەندی و مەترسییەکانیان کارێکی گرنگە .جگە لەوەی یەکێکم لە شەیدایانی شیعرە کانی) جەمال غەمبار(، لە مێژە ئاواتمە توێژینەوە لەبارەی شیعرە باڵا و قەشەنگەکانی شاعیرەوە ئەنجام بدەم . ئەم هۆکارانە بوونە هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بەمەستی توێژینەوە .

**-5-0پرۆگرامی زانستی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە .

**-6-0پلانی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە بەگشتی لە چوارچێوەی دووبەشی سەرەکیدا ئەنجامدراوە .

بەشی یەکەم : لە چەند تەوەرێك پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم : چەمکی جینۆساید .

تەوەری دووەم : ئێزیدییەکان کێن ؟

تەوەری سێیەم : مێژووی چەوساندنەوە و جینۆسایدی ئێزیدییەکان .

بەشی دووەم : لە چوارچێوەی سێ تەوەردایە .

تەوەری یەکەم : ئەدەب و گوزارشتکردن لە ڕووداوە تراژیدییەکان .

تەوەری دووەم : بنەما هونەرییەکانی دەقی شیعری لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە .

تەوەری سەم : ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە نێو دەقی شیعریی لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە .

**بەشی یەکەم :**

**تەوەری یەکەم : چەمکی جینۆساید**

جینۆساید لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێك هاتووە لە وشەی گریکی(genos) بە واتای ڕەگەز بنەچە .هەروەها وشەی لاتینی(ceader) واتە کووشتن و فەوتاندن کە بەیەکە وە بەواتای لە ناوبردنی ڕەگەز یاخود بنەچە دێت) **.گوڵ،(17:2007**

)یاساناس گرافت دەڵێت:جینۆساید گەورەترین تاوانێکە دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەکرێت و لەم تاوانەشدا مانا ناشرینەکانی کووشتن و بڕین ڕەنگ دەداتەوە) . ( **محمد،) (16:2012**یەکە مین کەس کە ئەم زاراوەیەی چەسپاند و جێگیری کرد) رافایل لمکین (بوو ,بە ئەسڵ پۆڵۆنی و بە ڕەگەز نامە ئەمریکای بوو) **.سورمێ (21:2006** ,لەبەر ڕۆشنای ئەو تراژیدیایە و ئە و ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە جینۆساید لەلایەن ڕژێمی نازیەوە بە تایبەتی بەرامبەر یەهودیەکان کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە و ئەنجامدراون، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی 1948 بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە ڕێگە نەدان و سزادانی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی)) جینۆساید (( ئەم بڕیارە لە یاساکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ,(9/12/1948) لە پاریس واژۆی لەسەر کرا لە ساڵی 1950 بیست وڵات ئیمزایان لەسەر کرد و ساڵی (1951) کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە) **(باسیرە، (6:2014**

**جۆرەکانی جینۆساید:**

بە گشتی جینۆساید چوار جۆر لە خۆدەگریت کە بریتین لە:

1. جینۆسایدی فیزیکی جەستەی یا) بەدەنی : (کووشتن بە هەر جۆرێك بێت، گولەباران کردن، هێرشی سەربازی و بە کۆمەڵ، کووشتن، ئیعدام کردن، بەکارهێنانی چەکی قڕکردنی وەك کیمیاوی و فسفۆڕ و ژەهر و زیندەبەچاڵکردن... هتد.

٢-جینۆسایدی بایەلۆژی :بەربەندکردنی هەرکۆمەڵە ومرۆڤێك لە پێشکەوتن و زیادبوون ,لە یەك دابڕینی پیاو وئافرەت و دابەشکردنی کەسانی خێزانی بۆ ماوەیەکی زۆر، بە زۆر منداڵ لە باربردن و هەوڵدان بۆگۆڕینی ئاکارەمرۆییەکان بۆمەبەستێکی دیاریکراو.

٣-جینۆسایدی کولتوریی ونەتەوەیی :وەك قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژوو ,فەوتاندنی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵك و وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو ڕووخاندنی ئەشکەوت و مزگەوت و کڵسە و هەموو شوێنەوارێك، کە پاشماوەی کۆن یان نوێ بێت وبەرهەمی جۆری ژیانی ئەوخەڵکە بێت.

٤-جینۆسایدی ئابووری :واتە وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبومی ناوچەکان , تاڵانکردنی و فەرهودکردنی ماڵ وسامانی خەڵکی) .**ئەبوبکر**،(**12:2007**

هەریەکە لەم تاوانانەی خوارەوە بەجینۆساید ناسێنراون:

ا-ئازارگەیاندنی مەترسیداری جەستەیی یان دەروونی وفیکری.

ب _دانانی کۆمەڵێك لە ژێر بارودۆخێکی ئەوتۆدا کەببێتە هۆی لە ناوچوونی بەشێك لە ئە ندامەکانی.

پ -ڕێگا گرتن بەهەر شێوەیەك لە زاوزێ و گەشەکردنی لە ناو کۆمەڵێك.

ت-گواستنەوەی زۆرە ملێی منالان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر) . **سلێمان**،(**83:2014**

**تەوەری دووەم : ئێزیدییەکان کێن ؟**

ئێزیدییەکان کەمینەیەکی ئایینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە کوردن، زمانی ئەوان کوردیە، بەشێوەزاری کرمانجی قسەدەکەن .نوێژو ئەنجامدانی سرووتی ئایینی و کتێبە ئایینییەکانیشیان بەزمانی کوردییە، ئەبێ ئێزیدی بێ هیچ سێو دوویەك بەکۆمەڵێکی ئایینی کورد تەماشا بکرێن ,نابێت بەمیللەتێکی دیکە بناسرێن) . **سلێمان**،) (**9:2015** ئیبن بەتوونە (لە نێوان ساڵانی (1377-1303) ی ژیاوە، لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی شەنگال دە ڵێت): گەیشتینە شاری شەنگال کەشارێکی فرە میوە و دار و درەختە و سەرچاوەی ئاوی زۆرە ، بەشێوەیەکی لە دیمەشق دەچێت(، دواتر دەڵێت): خەڵکی شەنگال کوردن و دەست بڵاو و ئازان) . (**الدملوجی**، (**480:1949** ئێزیدییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین) . **کەرمەلی**، (**223:2006**

**-1-2-1 زاراوە و چەمکی ئێزیدی :**

لە ڕووی زاراوەوە ,وشەی ئێزیدی چەند بیروڕایەك هەن ,لەوبارەیەوە وشەی ئێزید لە کتێبی ئاڤێستادا بەمانای) ئێزتا(یە و لە زمانی پەهلە وی کۆندا بە) یەزتا (یان) یە زت(نوسراوە ,و لە زمانی فارسی و کوردی ئەمڕۆشدا) ئێزید (بەمانای خودایە . یاخود وشەی )ئێزیدی (زۆر کۆنە و لە نوسینی بزماریدا لەسەردەمی سۆمەرییەکان و بابلیەکان هاتووە ). **شڤیلی**، (**60:2008** بەم شێوەیە ) ئێ، زی، دی (کە ڕاماناکەی گیانی پاك و پیرۆزە و ئە وانەی لەسەر ڕێگای ڕاست ودروست دەچن .ئەم تەختە لە لایەن دکتۆر خەلیل جوندیەوە لە

ساڵی (1998) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی) نحو حقیقه الدیانه الایزیدیه (بڵاوبووەتەوە) ,ئێ زی دی (بەزمانی ئاشوری وکلدانی واتە) ئەچینە جێی حەق (لە زمانی کوردیدا کە کەسێك ئە مرێت ئەڵێن گەڕاوەتەوە شوێنی حەقی خۆی) .**سلێمان، (9:2015** هەندێکیش دەڵێن لە) یە زید (هوە هاتووە، ئەوان بەلایەنگر و شوێنکەوتەی) یەزیدی کوری معاویە (دادەنێن، بەڵام ئە م بۆچوونە تەواو هەڵەیە، چونکە لە بنەڕەتدا ناوی ئەوان لە ) یەزد ( و) یەزدان ( هوە هاتووە ,کە بەواتای خودا و پەروەردگار دێت، هیچ پەیوەندییەکیان بە)یەزیدی کوڕی معاویە ( وە نییە) .**خەزنەدار، (16:2010**ئەم هەڵەیەش لەبەر ئەوە ڕوویداوە ,کە عەرەبەکان وشەی )ئێزیدی (کە لە شێوەزاری پەهلەوی کۆن وەرگیراوە، هاوتایە لەگەڵ یەزید لە زمانی عەرەبیدا وەریانگرتووە .

**-2-2-1دیمۆگرافییای ئێزیدییەکان:**

ئەگەر چی سەرژمێرییەکی فەرمی لە بارەی ژمارەی ئێزیدییەکانەوە نییە، بەڵام بەگوتەی )میر تحسین بەگ (میری ئێزیدییانی کوردستان و جیهان، لە باشوری کوردستان و عێراق نزیکەی -600000) تا (700000 کەس و لە جیهانیشدا نزیکەی (1500000) ئێزیدی هەن) .**بارزانی (4:2018** ,ئێزیدییەکان دابەشبوونە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کە وتوونەتە هەندێك لە لاکانی کوردستان و جەزیرەدا و لە نزیك پارێزگای موصڵ و ناوەندی قە زای شەنگال و دەوروبەری نیشتەجێن) . **سامی، (34:2008** بەشێوەیەکی گشتی بەشی هە رە زۆری ئێزیدییەکان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی موصڵ لە نزیك ئارامگای شێخ ئادی دەژین . )**شالیان، (50:2010** هەژدە هۆزی ئێزیدی لە کێوی سنجاردا دەژین کە بریتین لە): دونبە لی، مەحمودی، نووکی، شێخ زین، سۆنی، ماسك، رشکی، دەستی، مەسمی، ئەنوێنش، مخ، مێرانی، پێکانی، سنوری، سێرۆیان، دێوران، ئەردمانی، ئەنهاوەر) . ( **بۆرەکەی، (16:2002**بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەیانەوە زۆرجار کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و کلتوری عەرەبی، ئاشوری، سریانی، جل وبەرگی پیاوەکانیان نزیکە لە جل وبە رگی عەرەبییەوە ,بەڵام جل وبەرگی کچ و ژنەکانیان لە بەرگی سرینییەوە نزیکە.

**-3-2-1ئایدیا و بیروباوەڕی ئێزیدی :**

بەپێی نوسراوەکانی دەستنووسی ئێزیدی و نووسراوەکانی هەندێك لە مێژوو نووسان، ئێزیدییەکان لە پاشماوەی پێڕەوانی ئایینی مانین و ئایینی زەردەشتی ومەزدەکیش کاریان کردۆتە سەر ئایینەکەیان . ئایینی ئێزیدی سەر بەو کۆمەڵە ئایینەیە ,کەچەند هەزار ساڵێك بەر لە زایین لە ناوچە جیاجیاکانی ئاسیادا بەتایبەتی لە هیندستانەوە تا کوردستان پەیڕەوی دە کران، ئایینی ئێزیدی یەکێکە لە کۆنترین ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کرۆکی دەرکەوتنی

دەگەڕێتەوە بۆ (2000) ساڵ پێش زایین ). **محمود، (328:2019**ئێزیدی لە ڕووی ئایینەوە نزیکایەتییەکی زۆر لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا هەیە .هەردوو ئایینەکە دوالیزمین و لە هەردوو ئایینەکەدا بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاهورەمەزدا و ئەهریمەن بوونیان هەیە ,لە هەردوو ئایینەکە دا دۆنادۆن هەیە، لای هەردوو ئایینەکە ئاگر بەچاوی ڕێزەوە سەیردەکرێت) . **فەرەج، (40:2014**لە ئایینی ئێزیدیدا وازهێنان لەو ئایینە و چوونە سەر ئایینێکی دیکە دروست نییە و نابێت ئەو کارە بکرێت) . **بارزانی (5:2018** ,لە ئایینی ئێزیدیدا چوار نوێژ هەیە , هەمووی بەکوردین کەئەوانیش): نوێژی سپێدێ، نوێژی ڕۆژهەڵات، نوێژی مردوان، دوعای پاش نوێژەکان) .( **حسێن، (32:2002**ئێزیدییەکان چەندین جەژنیان هەیە لە وانە): جەژنی سەری ساڵ، جەژنی چلەی هاوین، جەژنی چلەی زستان،جەژنی جەمای، جەژنی خدر لیاس،جەژنی ڕۆژووی ئێزی، جەژنی بلّند، جەژنی قوربان) . **(پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی، (66:2018**ئێزیدییەکان باوەڕیان وایە کە حەوت مەخلوقی پرشنگداری فریشتە ی، ئاسمانی گەردوون لە حەوت هێزی وێرانکەر دەپارێزن، هەروەها باوەڕیان بە کۆچکردنی ڕۆح هەیە ,دەڵێن لە ئەنجامی دوبارەبوونەوەی خواوەندایەتی، ڕۆح لە گەورەوە بۆ بچوك دێ و جەستەی دەگرێتەوە .باوەڕیشیان وایە چاکە و خراپە هەریەکەوە گرنگی خۆی بۆ داهێنان و نەپسانەوەی جیهانی مەتبریاڵ هەیە) **.گەنتەر، .( 313:2007**مەلیکە تاوس مەلیکی هە موو مەلائیکەتەکانە) فریشتەکانە(، مەلیکە تاوس :بریتییە لە عەزاب) بەئینگلیزی واتە The ( peacock angel melek tausکە حوکمی هەموو زەوی ئەکات بە یارمەتی و هاوکاری حەوت فریشتەی دیکە ئەو حەوت مەلائیکەیەش لە ژێر فەرمانی خودای گەورەدان ) **.بارزانی (5:2018 ,**

**4-2-1کۆمەڵگای ئێزیدی :**

کۆمەڵی ئێزیدی لە پلە بەندی چینایەتیدا لە (7) چینی جیا پێکدێت کە ئەمانەی خوارەوە

1-میر :ئەمە بۆ کاروباری بەڕێوبردن و تارادەیەکی زۆر کاروباری سیاسیشە، بەرزترین پلە یە و پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە.

2-شێخ : چینی شێخەکان لە سێ بنەماڵە پێکدێن ,کە ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا حەرامە . ئەمانە) ئادانی، شەمسانی، قاتانی ( هەریەك لەو بنەماڵانە کاری تایبەتی خۆی بەجێدێنێت.

3-پیر : واتە ڕیش سپی خەڵکەکە لە دوای شێخەکان ئەوان دێن .بەگوند و دێهاتەکاندا بڵاودەبنەوە بەشی مریدەکان لە خێرو سەدەقە دەدەن ,نەخۆشیان دەبرێتە لایان بۆ ئەوەی دوعایان بەسەردا بخوێنن) . **حسێن، (49:2002**

4-فەقیر : ئەمانە خزمەتکاری ئایینەکەن و دەستیان لە دنیا شۆردووە .

5- قەواڵ :گروپی جەژن و بۆنە ئایینییەکانن ,وەك موژدە دەر ناوچە و گوندە ئێزیدییەکان بە سەر دەکەنەوە و مەلەکە تاوس بەناو کاکەییەکان دا بڵاودەکەنەوە

6- کوجەك : ئەرکیان کفن و دفنی مردووەکان و ناشتنیان و دۆزینەوەی چارەنوسیانە، ئەمانە زیاتر لە شەنگال و شێخان هەن) . **فەرەج، (42:2014**

7- مرید : لە دوای ئەو چینانەی باسمان کردن ئەوەی دەمێنێتەوە لە ئێزیدییەکان پێیان دە وترێت مرید) . **حسێن، (49:2002**

**تەوەری سێیەم**

**1-3-1- مێژووی چەوساندنەوە و جینۆسایدی ئێزیدییەکان :**

لە مێژووی دوور و نزیکدا ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و لە ناوبردن وجینۆساید بوونەتەوە، ئێزیدییەکان خۆیان ئاماژە بەوە دەکەن سەرەڕای زوڵم و چەوساندنەوە وکوشتن و لە ناوبردنیان، فتواوی جۆراوجۆر لە دژی ئایینەکەیان یان دەرچوون لە ئایین، چە ند نمونەیەك لەو پەلامارو کوشتن و قەتڵوعامکردنی ئێزیدییەکان لە مێژوودا کراون : لە سە رەتایی سەدەی پازدەهەم سەرەتای چەوساندنەوەی ئێزیدییەکان دەست پێدەکات .لە ساڵ (1415)میری جەزیرەی سوریا لەشکرکێشی دەکاتە سەر ئێزیدییەکان .ناتۆلێرانسی ئیسلامی بەرامبەر ئێزیدیەکان بەجۆرێك بوو گڵکۆی شێخ ئادی هەڵدەتەکێنن ,دواتر ئێزیدییە کان دووبارە دروستی دەکەنەوە) .**کەرمەلی، (15:2012**یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیە کانی مێژووی ئێزیدیەکان ئازارو ئەزیەت وهێرشی موسڵمانەکانە بۆسەر ئەوان ,و لەوانەیە هە ر ئەم مەسەلەیە بێت کە بۆتەمایەی ئەوەی کە ئێزیدییەکان، بیروباوەڕ و دابونەریتی خۆیان لە بیانییەکان بشارنەوە). **ڕەحمانی، (359:2009**لەگەڵ هاتنی عوسمانییەکان و دەسەڵات گرتنە دەستیان دیاردەی ئەنتی ئێزیدی و بەناچار موسڵمان کردنیان فراوانتر دەبێت .شێوەیە کی سیستماتیکی وەردەگرێت .هاوکات لەگەڵ ئەو پەلامارانەدا کوشتاری ئێزیدییەکان میدیای عوسمانی بۆ ڕەوایدان بە کوشتن و لە ناوبردنیان ناوی) شەیتان پەرست (ی لێنان .تا ئێستاش ئەم ناوەیان پێوەلکاوە، یەکەم شاڵاویان دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی (1560) کاتێك کە فتوایان دەکرد بۆ کوشتنی ئێزدییەکان). **سلێمان، (12:2015**پاشان هەڵمەتی ویلایەتی بە غداد) حەسەن پاشا (لە ساڵی (1715) قەتڵوعامی خەڵکی شەنگال و بەدیل گرتنی خەڵکە کەی، هەڵمەتی) ئەحمەد پاشا (لە ساڵی . (1733) بەر لەوە لە ساڵی) (1802) عەلی پاشا (والی بەغداد هێرشی کردەسەر شەنگال و ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەبەری لێ کوشتن . )سلێمان پاشا (لە ساڵی(1809) بەهەمان شێوە، لە ساڵی) (1837) ڕەشید پاشا (لەگەڵ کۆمەڵێك کورد هێرشی کردە سەر ئێزیدییەکان ,هێندەی لێ سەربڕین کە خوێن لەسەر ڕێگە

وبانی ئاواییەکان دەرژا) . **کەرمەلی، (17:2006**لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بەزۆر تواندنەوەی ئایینی ئێزیدی لەسەر دەستی عوسمانییەکان لە ساڵی (1890) دا، بەگوێرەی) ڕۆجەر لیسکۆ (ئێزیدییەکان لە نێوان ساڵەکانی (1640-1910) بیست کوشتاری گەورەی کۆمە ڵکوژیان لێکراوە) .**الکرملی، (834:1899**لە نێو ئەم زنجیرە هێرش و پەلاماردانانەدا کوردیش بەدەر نەبووە ,لە هێرش بۆسەر ئێزیدییەکان وەك لە ساڵی (1832) هێرشی میری سۆران) محمد پاشای ڕەواندزی (بە یەکگرتنی لەگەڵ خێڵە کوردییەکانی دەوروبەری دڵرەقترین و خوێناویترین ڕەشەکوژیان ئەنجامدا ,لەسەر شەنگال و شێخان و میری ئێزیدیان) عەلی بە گ (کوژرا، بەمەش تاوانی) شەیتان پەرستیان (خرایە پاڵ ,بەم دەستەواژەی ئیمپراتوریەتی عوسمانی):کوشتنی هەر ئێزیدییەك هەقی بە بەهەشت شادبوون بە موسڵمانان دەبەخشێ، چونکە لە دیدی ئەوان و دەوڵەتدا، ئێزیدی ئایینێکی بێ کتێب بوو، لە دیو ئایینی ئیسلامەوە بووە . (لەو هێرشەدا سەرئەنجام چەندین هەزار کوردی ئێزیدی کوژران و (10000)کەسیش بەدیل گیران ,کە ژمارەیەکی زۆریان منداڵ و ئافرەتبوون، زۆربەی هەرە زۆری پەرستگاو زیارە تگا و مەرقەد و گۆڕی ئێزیدەکان سوتان و خاپورکران) . **بارزانی (25:2018** ,لە ساڵی ) (1837)ڕەشید پاشا (لەگەڵ کۆمەڵێك کورد هێرشی کردە سەر ئێزیدییەکان و هێندەی لێ سەربڕین کە خوێن لەسەر ڕێگە وبانی ئاواییەکان دەرژا) .**الکرملی، (834:1899**بەدرێژایی مێژوو ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی (73) کۆمەڵکوژی بوونەتەوە .دوا هێرش وپەلامار لە لایەن داعش کرایەسەریان بەم پەلامارەش دەبێتە(74) هەمین کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان لە مێژوودا . (https://dengekan.info/archives/784 HYPERLINK "https://dengekan.info/archives/7843"3 )

**2-3-1-داعش چییە ؟**

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە) داعش.(

1-ناوی داعش : دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و کورتکراوەی ) د، ا، ع، ش .(

2-ئاڵای داعش : ئاڵایەکی ڕەشە و لەسەرەوە نوسراوە) لاالە الاالله (بە ڕەنگی سپی، لە ناوە ڕاستیدا کۆپییەك لە شێوەی مۆری پێغەمبەرمان محمد) د.خ (لەسەرە، کە لەسەرەوە نوسراوە) الله( لە ناوەڕاستی نوسراوە) رسول (و لە خوارەوەش نوسراوە) محمد (کە بە ڕەنگی سپی نووسراوە .

3-مێژووی دروستبوونیان : لە ساڵی (2004) تا ئێستا. (2021)

4-زمان : عەرەبی.

5-ئایین : ئیسلام.

6-دروشم) : باقیة و تتمدد /رایة واحدة امة واحدة. (

-7ئايدۆلۆژيا : سەلەفییەت، سەلەفی – جیهادی.

-8سەرکردەکانی : لە ساڵی) (2004) ئەبو مصعب زرقاوی(، لە ساڵی) (2006) ئەبو حمزەی مهاجر(، هەر لە هەمان ساڵدا) ئەبو عمر بەغدادی (و دواتریش) ئەبو بکر بغدادی (

-9ژمارەیان : دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ڕایانگەیاندووە ,ژمارەیان مەزەندە دەکرێت لە نێوان (20000-31000)هەزار چەکدارین لە عێراق و سوریا). **کۆمەڵێک نوسەر , 195:2015)**

داعش ڕێکخراوێکی تیرۆرستی وەك لقێکی قاعیدە دەستی بەکارەکانی کرد، ئامانج لە کارکردنی بریتییە لە دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی لە ناوچە سنورییەکانی عێراق و سوریا .لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، لە ڕووی تەکنیکی هێرشەکانییەوە پشتی بە هێرشی خێراو کتوپڕ بەستبوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و تاکتیك و کردەوە سەربازییەکانی ئەم گروپە گۆڕانکاری بەسەردا هات ,شێوەی دیکەی لەخۆگرت، بەتایبەتی ئەو کاتەی بەشێکی بەرچاو لە کادیرە سەربازییەکانی و ئەو ئەفسەرانەی کە زانستی سەربازییان خوێندبوو، هاوکات ڕاهێنراوانی سە ربازی و بەئەزموون بەهێزەکانی داعشەوە پەیوەستبوون ,ئەم هێزە پەلاماردەرە چەکدارییەی بۆ هێزێکی توندوتۆڵ و ڕێکخراوەیی گۆڕی) .**ڕەفیق**، (**73:2019** ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە (10) ی حوزەیرانی ساڵی (2014) دەستانگرت بەسەر شاری موصڵ کە دووەم گەورە پارێزگای عێراق .دوای ئەوەی سوپا و هێزەچەکدارکانی عێراق شەڕیان نەکرد و هەموو چەك و تەقەمەنی وکەرەسە سەربازییەکانیان دا بەدەست چەکدارانی داعشەوە، بەو چەك وتەقەمە نی و کەرەستانە سێ یەکی خاکی عێراقیان داگیرکرد، هەرچەندە پێشتریش لە ساڵی(2013) شاری ڕەقە و دێرەزور و بەشێك لە شاری حەلەبی سوریان داگیر کردبوو، لە (29) ی حوزە یرانی (2014) تاقم وگروپە چەکدارەکانیان دەوڵەتی ئیسلامییان لە عێراق و شام ڕاگەیاند .لە هەموو ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو، لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (2014)لە تۆمارێکی دەنگیدا ناوەکەیان بۆ) دەوڵەتی ئیسلامی (و) ئەبو بکر بەغدادی ( یان وەکو خەلیفەی ئیسلام ڕاگەیاند) .**بورهان شێخ ڕەئوف**، https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864 HYPERLINK "https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1036"& HYPERLINK "https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1

HYPERLINK 036"nuser=10

"https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1

HYPERLINK 036"3

"https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1

036"6 ) .

**)ئەبوبکر بغدادی (کێیە ؟**

ناوی تەواوی : ئیبراهیم عواد ئیبراهیم عەلی سامەڕاییە.

ساڵی لە دایك بوون. 1971 :

شوێنی لە دایك بوون : سامەڕا – عێراق .

نازناو : چەند نازناوێکی هەبووە لەوانە : ئەبو بکر بغدادی، ئەبو عەواد، ابو دوعا .

پلە : سەرۆك) کەسی یەکەم (خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی) داعش .(

ئایین : ئیسلام – سوننە.

ڕەگەزنامە : عێراقی.

باری خێزاندار : خێزاندار و خاوەنی چوار منداڵ.

ئاستی خوێندن : دەرچووی زانکۆی) سەدام (بۆ زانستە ئیسلامییەکانە لە شاری بەغداد , بڕوانامەی ماجستێر لە شەریعەی ئیسلامی لە ساڵی 2002 لە بەغداد وەرگرتووە) . **بارزانی, 8:2018)**

**(3/8/2014) -3-3-1چی ڕوویدا ؟**

لە درێژەی ئەو شاڵاو و پەلامارانەی کە داعش دەیانکردەسەر ناوچەکانی دەوروبەریان تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕۆژی (3/8/2014) هێرشیان کردە سەر شەنگال و پەلاماری کوردانی ئێزیدییان دا .لە دوای شەڕێکی کەم خایەن شەنگال کەوتە دەست داعش و ئالای ڕەشی داعش لەسەر فەرمانگە و حیزبەکان هەڵکرد .تەواوی ڕێگا سەرەکییەکانی گرت و خەڵکەکە بەناچاری ڕوویانکردە چیای شەنگال .بە وتەی جێگری فەرماندەی پێشمەرگە لە شەنگال) عەمید سمی مەلا محەمەد (دەڵێت) : دوای کۆنترۆڵکردنی زومار لە (2/8) ئەوکات گومانمان نەما لەوەی داعش پەلاماری شەنگال دەدات، بۆیە سەرووی خۆمان لە بارودۆخەکە ئاگادارکردەوە ,لە وڵامدا پێیان وتین):خۆتان ڕاگرن ان شا الله هێز دێت بۆ هاوکاریتان . (ڕۆژی دواتر واتە (3/8) چەکدارانی داعش کە بەنزیکی (6) هەزار چەکدار مەزندەکران کە نزیکی سێ لەسەر چواری چەکدارەکان خەڵکی ناحیەی) بلێج (و قەزای) بەعاج (بوون, کاتژمێر (2:45) خولەکی سەر لەبەیانی هێرشیان کردە سەر شەنگال، هەرچە

نده پێشتر پێشمەرگە زانیارییان هەبوو لەسەر هێرشەکەی داعش ,بەڵام پێیان وانەبوو هێرشێکی ئەوەندە گەورە بێت، چەکی سەرەکی چەکدارانی داعش دۆشکە بووە ,هەمەرە درعە کانیان زیاتر هاوکاری دەکردن، ئاربیجییەکانی پێشمەرگە کاری لێنەکردوون). عەمید سمێ ( ڕەتیدەکاتەوە) هیچ فەرمانێك هەبووبێت بۆ ئەوەی شەڕنەکەن .(هێزەکانی پێشمەرگە پێکهاتبوون لە) :هێزەکانی زێرەڤانی سوپای یەك، هەروەها لیوای هاوبەشی پێشمەرگە و فە وجێکی پێشمەرگە (لە نێو قەزاکە بوون، کاتژمێر (9)ی سەرلە بەیانی ئەو ڕۆژە لە ناحیەی )سنونێ (پاشەکشەیان کردووە، لە کاتێکدا ئەوان لە پشتی) بەعاجەوە (لە باشوری شەنگال لە گەڵ داعش لە شەڕدا بوون ,کە ژمارەیان (60) پێشمەرگەی لەگەڵدا بووە، تاکو کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆ دوو کیلۆمەتر لە شەنگال پاشەکشەدەکەن، چەکدارانی داعش کاتژمێر (11)هاتنە نێو قەزای شەنگالەوە . بەوتەی) عەمید سمێ (هەندێك لە لایەنگرانی داعش لە عەرەبەکانی شەنگال، تەقەیان دەرکرد و پشتگیرییان بۆ داعش دەربڕیوە). **نەقشی , ( (90:2017**لەگەڵ گەیشتنی داعش بەشەنگال دەستیانکرد بەتەقاندنەوەی مەزارگەی ئێزیدییەکان لەوانە : تەقاندنەوەی مەزارگەی شێخ مەند، تەقاندنەوەی مەزارگەی) ئێزی (لە ناو سەنتەری شەنگال، تەقاندنەوەی حەوت مەزارگەی دیکە لە باشوری باشیق و بەحزانی، جگە لە تەقاندنەوەی کۆی مەزارگەکانی سنوری گوندەکانی تلکێف) . **فەرەج،) (242:2014**دخیل مراد خدی دەهسکانی (لە دایکبووی (1986) خەڵکی گوندی حەردانە باسی چۆنیەتی هاتنی داعش دەکات و دەڵێت) : بیستیمان ڕووبەڕووبوونەوە هەیە لە باشوری ناوەندی قەزاکە، پیاوماقوڵان جەختیان کردووە، کە کەس لە گوند هەڵنەیات و گوندەکە چۆڵ ناکەین بۆ تیرۆرستان، کاتژمێر (12) ی نیوەڕۆ، دوو ئۆتۆمبیلی داعش هاتن، وتیان) :ئێمە شۆڕشگێڕین و ترستان لەسەر نییە(، بارەگای پارتی دیموکراتییان پشکنی، لە گوند ئەسوڕانەوە و بە بڵندگۆی دەنگی، ئایەتەکانی قورئانیان لێدەدا و دەنگەکەیان بەرز ئەکردەوە، لەگەڵ گە نجان وێنەیان دەگرت، عەرەبی ناوچەکە پەیوەندییان بەوانەوە کرد و جەختیان کردەوە کە ترسیان لەسەر نییە و لەسەر بەرپرسیارێتی ئێمەن، هەموو ئەوانە گەڕانەوە کە بەرەو چیا ڕۆشتبوون، دوای ئەوەی دڵنیاکرانەوە لە گوندەکەیان، لەسەر داوای خەڵکەکە لە کاتژمێر (1) ی نیوەڕۆ مۆلیدەی گوندەکەیان خستەکار، هەموویان دڵنیابوونەوە و خەوتن کە ڕاهاتبوون لە سەر خەوی نیوەڕۆ، لە کاتژمێر (4) سێ کەسایەتی عەرەبی ناوچەکە هاتن بۆ لای) قولو قاسم الیاس (کە مامی موختارە، وتیان : ئێمە ترسمان لێتان هەیە، ئەمانە داوای گۆڕینی ئایینتان لێدەکەن، یان ئەتانکوژن، بۆیە ئاگادارتان ئەکەینەوە کە وریابن . لە کاتژمێر (4:30)هەواڵی ئەوە بڵاوبوویەوە کە ژنەکان دەبەن، و پیاوەکانیش دەکوژن) . ئەرکان قاسم (

له دایك بووی ساڵی (1986) دانیشتووی گوندی گرمز ڕووداوی ڕەمیکردنی خەڵکی گوندی گرمز دەگێڕێتەوە و دەڵێت) : ئێمە دەمانبینین و ئەوان نزیکمان بوون، کرانە سێ بەشەوە و کوشتیانن .بەشی یەکەم : تەرمەکانیان سوتاندو ناشتیانن، بەشی دووەم : بەتەنیشت بەشی یەکەم کوشتیانن، بەشی سێیەمیش : لە پشت ساترەکە لە نزیك چوار ڕیانەکە کوشتیانن و هە موو تەرمەکانیان بەشۆفڵ ناشت، خێزان و منداڵەکانیان گواستەوە بۆ تەلەعفەر، لە دوای ڕۆشتنمان لە گوندی گرمز داعش بەتەواوی سوتاندیان) . **بارزانی (37:2018** ,ڕۆژی دواتر و ڕۆژانی دوای گەورەترین مەینەتی بەسەر شەنگالیەکان و کوردانی ئیزیدی هات، تەنانەت هەندێ لە وان بەناچاری موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند ئەوەش دادی نەدان، کەوتنە تاڵانی کچانی ئیزیدی کورد و کوشتنی خەڵکی سڤیل دەستی پیکرد، لە هەمان ڕۆژدا چەکدارانی داعش مەزارگەی سەیدە زەینەبیان لە ناوچەی شەنگال تەقاندەوە .کە میژووەکەی دەگەڕیتەوە بۆ زەینەبی کچی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) .**فەرەج، (88:2014**بەو جۆرە ڕۆژێکی پڕلە نە هامەتی و کارەساتباریان لە مێژووی کورد وکوردستان دووبارەکردەوە . برینەکەی لە جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفالی گەرمیان و بارزان بەئازارتر بوو، لەبەرئەوەی کچان و ئافرە تانی ئێزیدی وەك دەستکەوتی شەڕ و سەبایا مامەڵەیان پێوەدەکرا و لە بازاڕی پیاوانی داعش کڕین و فرۆشتنیان حەڵاڵ کرا).**قادر، (48:2017** لە/13) تشرینی دووەمی (2015 هێزە کانی پێشمەرگە بەپاڵپشتی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان شەنگالی کۆنترۆڵکردەوە . بەڵام شەنگال توشی وێرانکاری زۆر بووەوە بەجۆرێك لە ڕووی ژێرخانەوە شەنگال بەڕێژەی 70% وێران بووە .ئامارەکانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە لایەن داعشەوە :

| ژ | جۆری قوربانی | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | ژمارەی شەهید | 1293 |
| 2 | ژمارەی ڕفێندراوان | 6404 |
| 3 | ژمارەی ڕزگاربووانی ژن | 953 |
| 4 | ژمارەی ڕزگاربووانی پیاو | 328 |
| 5 | ژمارەی ڕزگاربووانی منداڵ) کچ( | 675 |
| 6 | ژمارەی ڕزگاربووانی منداڵ) کوڕ( | 684 |
| 7 | ژمارەی دیل و بێ سەرو شوێن بەگشتی | 3770 |
| 8 | ژمارەی دیل و بێ سەرو شوێن) ژن( | 1914 |
| 9 | ژمارەی دیل و بێ سەرو شوێن) پیاو( | 1856 |
| 10 | ژمارەی گۆڕی بەکۆمەڵ | 30 |

| | | |
|---|---|---|
| 11 | مەزارگە و شوێنی پیرۆزی وێرانکراو | 44 |
| 12 | ژمارەی مندالّی بێ دایك و باوك | 2745 |
| 13 | ژمارەی ئاوارەکان | 400000 |
| 14 | ژمارەی خێزانەکان | 5000 |
| 15 | ژمارەی پەنابەران بۆ دەرەوەی وڵات | 30000 |
| 16 | ناردن و گەڕانەوەی ژنەکان بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارە سەر | 1100 |

**4-3-1-هۆکارەکانی کەوتنی شەنگال :**

پەلاماردانی شەنگال و کەوتنی لە خۆوە نەبوو، بەڵکو چەندین هۆکاری لە پشتەوە بوو لەوانە :

1-کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەنگال و چۆڵکردنی سەنگەرەکان بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ، بەهۆی ئەو هێرشە کتوپڕ و لە ناکاوی داعش کردییە سەر شەنگال . بەڵام ئەمە بیانوویەکی لاوازە، چونکە هەموو کەس دەزانێت کە موسڵ پێشتر و لە مانگی حوزەیران داگیرکرابوو، کە دەکاتە دوو مانگ پێش هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال . لەو ماوەیەی نێوان داگیرکردنی موسڵ و جینۆسایدی شەنگال، داعش کۆنترۆڵی خۆی لە ناوچە عەرەبی و باشور و ڕۆژهەڵاتی شەنگال بەهێزکرد، لەو ماوەیەدا تەلەعفەر داگیرکراو هێزەکانی داعش لە نزیکی شەنگال بەهێزتر دەبوون . پێش (3) ی ئابی هەمان ساڵ، چەند هێرشێکی بچوك لە بەرەی باکور و باشوری ڕۆژهەڵات دەکران بەتایبەتی بۆ سەر گوندە سنورییەکانی ئێزیدییە کان، ناوچەی) تێل بەنات (چەند جار هێرشی کرایەسەر . واتە هەڕەشەکانی داعش، ڕوون و ئاشکرابوون و هەموو کات ئامادەی ڕووبەڕووبونەوە بوون .

2-پاشەکشەکردنی سوپای عێراق و جێهێشتنی سەرجەم چەکە پێشکەوتووەکانیان دوای خۆیان و دەستگرتن بەسەریدا لەلایەن چەکدرانی داعشەوە، بووە هۆی بەهێزکردنی توانا داعش چەند هێندەی خۆی لە کۆتاییدا مەترسیەکەی گەیاندە ئاستی نێودەوڵەتی .

3-لاوازی توانای لۆجستی و سەربازی پێشمەرگە، بەهۆی ئەوەی پێشمەرگە ڕاهێنانی پێویستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە پێنەرکرا بوو، هاوکات خاوەنی چەکی پێشکەوتوو نەبوو .پێویستە ئەو پرسیارە بکەین کە هێزەکانی) یەپەگە (لە سوریا کە چەکی بچوکتریان هەبوو، لە ڕووی پێداویستی سەربازیشەوە لاوازتربوون لە پێشمەرگە، توانیان ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکە ن کە پێشتر لە دەستی خۆشیاندا نەبوو، تەنانەت بەرزایی و شوێنی گونجاوی شەڕکردنیشی

لێ نەبوو، دەبوو شەڕی ئەو بەربەستە سەربازییە بەهێزانەی داعش بکەن کە پێشتر داعش لە و ناوچەیە و دەوروبەری چیاکان دروستی کردبوو) . **عەباس، (156:2018**

-4شەنگال لە ڕووی جوگرافیاوە : لە ڕووی جیۆپولۆتیکەوە شەنگال خاڵی گرێدراوی عێراق وسوریایە، ئەمەش وایکرد بۆ ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش زیاتر چاوی لەسەر ئەم ناوچەیە بێت، بەو پێیەی چەند شار و ناوچەیەکیشیان لە سوریا داگیرکردبوو، بۆیە شەنگال بۆ ئەوان خاڵێکی سترتیژی بوو بۆ هاتوچۆ و جوڵەپێکردنی چەکدارەکانیان لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، لەلایەکی دیکەوە شوێنی بەستنەوەی ناوچە شیعیەکانە لە نێوان وڵاتانی) عێراق، سوریا، لوبنان ( لەبەر ئەوە شەنگال کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە لایەن داعشەوە . **)محمد، (20:2016**

**-5**هاوکاریکردن و ئاسانکاری هۆزەعەرەبیەکان بۆ داعش لە گرتنی شەنگالدا .

**بەشی دووەم:**

**تەوەری یەکەم : ئەدەب و گوزارشتکردن لە ڕووداوە تراژیدییەکان :**

بەو پێیەی کە هەریەکە مێژوو و ئەدەب ڕابردوو دەگێڕنەوە، بەڵام هەریەکەیان بەجۆرێك و بە پێی تایبەتمەندی خۆیان باسی ڕووداوەکان دەکەن و دەیگێڕنەوە ,مێژوو تەنیا ئەوە دە گێڕێتەوە کە ڕوویداوە ,بەڵام ئەدەب تەنیا ئەوە ناگێڕێتەوە کە ڕوویداوە بەڵکو دەکرێت ئەدەب شتێك بگێڕێتەوە کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبدات، واتە پێشبینی کردن بۆ داهاتوو .چونکە ئە دەب و ژیان پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە .هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکدی بەجێدەهێڵن و کار لە یەکتری دەکەن .واتە هەرشتێك لە ژیاندا ڕووبدات ڕەنگە دواتر لە ئەدەبیشدا ڕەنگبدەداتەوە و باسی لێوەبکرێت .هەر لەم باریەوە) ق.نەبەرد (دەڵێت): وا ئە زانم ئەگەر ئەدیبەکانمان تۆزێك، هەرتۆزێك تەماشای دەوروپشتی خۆیان بکەن و لێی بکۆڵنە وە ,بۆیان دەرئەکەوێ کە چۆنییەتی ژیان و گوزەران کارێکی تەواو ئەکاتە سەر ئەدەب .هە روەها ئەدەبیش کارێکی تەواو بکاتە سەر ژیان و گوزەرانی گەل و ئاراستەی بکات بە ڕاسترین ڕێگادا).( **ق.نـەبـەرد (70:1947** ,ئەدەب لەگەڵ هەنگاونانی ژیان و گۆرانکارییە کانی و ڕووداوەکاندا دەگۆڕێت .چونکە یەکێك لە پێناسەکانی ئەدەب ئەوەیە کە ئەدەب )دیاردەیەکی کومەڵایەتی وجوانییە شێوەیەکە لە شێوەکانی ژیانی کومەڵایەتی و هۆیەکیشە بۆ گەشە پێدانی کومەڵایەتی) (**ڕەسول، (8:1989**یاخود) ئەدەب تەعبیرلە ژیان دەکات و دە ربری تێگەیشتنی ئەدەیبە لە کۆمەڵگاکەی و تێگەیشتنی ئێمەش بۆ ژیان چڕتردەکاتەوە .( **)سارتر، (23:1971**واتە ئەدەب ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیە .ئەدەبیش ئەم کارەساتە مێژووییە خەمناکە دەگێڕێتەوە و دێت دیمەنی ساتەوەختە پڕ لە ئێش و ئازاری قوربانیانی ئەم

کارەساتە نمایش دەکات، ئەمە بۆ ئەوەنییە کە تەنیا هەست و سۆزی خوێنەر بجوڵێنێت ,لە ڕێگای بەزەییەوە ئەو مرۆڤە ستەملێکراوانە بخاتە ڕوو، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی نیشاندانی ئەو دیمەنە تراژیدی و ناخ هەژێنانەوە پرسیار لەو هەلومەرجەی مرۆڤ دەکرێت کە تیایدا بکوژ دروست دەبێت ,و درندەی و بێ بەزەیی دەگاتە ئاستێك کە بتوانێت سەدان هەزار ژن و پیاو و منداڵ بەزیندوێتی زیندەبەچاڵ بکات و لە ناویان بەرێت .پەیوەندی نێوان ئەدەب و تراژیدیا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە ڕووداوەکان دروست دەکاتەوە تراژیدیاش کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکان بەرجەستەدەکات . یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی ئەدەب بریتییە لە چوونە ناو قوڵایی ناخی مرۆڤ لە پێناو دەرخستنی ئەو شتە نهێنی و شاراوانەی کە نابینرێن و شاراوەن. لە گێڕانەوەی تراژیدیا گەورەیەدا زمان لە توانایدا نییە گوزارشت لە کارەساتەکە بکات بەڵکو تەنها توانای هاوارو گریان و پارانەوەی هەیە ,بۆیە ئە دیب دوای کارەساتەکە لە ڕێی بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەرییەوە دەتوانێت گوزارشت لە کارە ساتەکە بکات ,و کار لە هەست و سۆز و دەروونی خوێنەربکات ,و هەڵوێست و هۆشیاری لای خوێنەر بخولقێنێت ,ئەدەب ئەو زمانەی کەلە گێڕانەوەی تراژیدیادا بەکاردەهێنێت . جیاوازە لەو زمانەی کەخەڵکی ڕۆژانە قسەی پێدەکەن ,لە پێناو دەربڕینی جیاواز بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی لایەنە نهێنی شاراوەکانی ناو ڕووداوەکە ,کە لایەنەکانی وەك مێژوو و سیاسە ت و کۆمەڵناسی ناتوانی نیشانی بدەن . یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەب ئەوەیە کە زیاتر تەعبیرکردن لە واقیع نەك دروستکردنەوەی واقیعێکی نوێ ، گەڕانەوە بۆ دواوە لە پێناو گوزارشت کردن لەوەی کە ڕوویداوە و تێپەڕیوە نەك تێپەڕینی زەمەنی ئێستا لەپێناو گەیشتن بەداهاتوویەکی ڕوون). **عومەر، (121:2019**لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هیچ سەرچاوە و وزەیەکی ئەدەبی بە ئاستی شیعر نەبووەتە مایەیی بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەی چالاك ,هەروە ها بەو پایە کومەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەش پەسەند نەکراوە و نەدرەشاوەتەوە). **ڕەنجدەر، (96:2013**شاعیرانی کورد کە ڕۆڵەی ئەم کۆمەڵگایەن بەهۆی خراپی و نائارامی کۆمە ڵگای کوردی بەتایبەتی لە سەدەی بیستەم .وەك رابەرو تاکێکی خەمخۆری ڕاستەقینەی نەتە وە و خاك و وڵاتەکەیان ڕوویان لەو بارودۆخ و کارەساتە ناخۆشانە کردووە و بەشداری چالاکانەیان کردووە .ڕەنگی ئەو تاڵی و ناخۆشیەی ژیانی میللەتەکەیان بەشیعرەکانیانەوە ڕە نگی داوەتەوە . پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە تراژیدیا و زامەگەورە و قوڵی جەستەی کۆمەڵگای کوردی لە پرۆسەی ئەنفالدا زۆر ڕووداو و حاڵەتی سەرەنجراکیش و جەرگبڕ ڕوویانداوە , زۆردیمەنی دڵتەزێن و کارەساتباراوی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەبوون .ئەم کارەساتە لە نێو شیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە .بۆ نموونە) دلاوەر قەرەداخی (تراژیدیا و ڕووداوەکانی

نێو ئەم مەرگەساتی ئەنفال گەورە و تۆختر دەکاتەوە و لە شیعری) منداڵێك ,کەلە وێهاتەوە وای گوت (بەم شێوەیە گوزارشت لە پرۆسەی ئەنفال دەکات و دەڵێت:

**ئەنفال لە ڕێی چوونە ژواندا ڕای گرتین**
**گیرفانەکانمان گەڕا، نامەکانی دڕاند، وێنەکانی سووتاند**
**گۆرانییەکانی لەسەر دەنگمان کلۆم دا**
**ئەنفال بەیانی باشی قوتابخانەو**
**ئێوارەباشی گەرەك و**
**شەو باشی ماڵە لۆکەییەکانی دزی**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەدیب دەیەوێت ئەم کارەساتە بکاتە یادەوەرییەکی ئینسانی کە هەمووان کۆدەکاتەوە و خەم و ئێش و ئازارەکانی ڕابردوومانی تێدا هەڵگرتووە ,بەهەمان شێوە) شێرکۆ بێکەس (دەیەوێت لە ڕێگای ) گۆرستانی چراکان (هەوە ئەم ئازارە درێژ و بەسوێیەی ئەنفال مۆمیا بکات و بیگەیەنێتە دەست نەوەی داهاتوو تاکو بەم کارە قێزەون و دڕاندانەیە ئاشنابن و ئەو خەم و ئێش و ئازارەیان لە بیریان نەچێتەوە، بۆیە دەڵێت :

**من ناهێڵم**
**ئەم گریانە هەرگیز ڕەنگی بچێتەوە**
**من ناهێڵم**
**ئەم مردنە ژیان بیربچێتەوە**
**من ئەم زوڵمە**
**لە ناو شووشە بەندی شیعرا**
**دائەنێم بۆ ئەو زارۆکەیەی**
**دوای چەند قەرنێ دێت وئەزێ و**
**لە ڕەحمی ئەم وڵاتەوە سەردەردێنێ**
**ئەلف وبێی چرا فێرئەبێ و**
**ئەم زوڵمە ئەخوێنێتەوە) ! بێکەس ، (46:2006**

جینۆسایدی ئێزیدییەکانیش یەکێکی دیکەیە لەو مەرگەساتە گەورانەی کورد کە لە ڕێگە ی شیعری شاعیرانەوە هاتوتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، شاعیران بەپێی دونیا بینی و تێڕوانین خۆیان بۆ مەرگەساتەکە شیعریان بە باڵای ئەم خەمە و ئازارە گەورەدا هۆنیوەتەوە، بۆنموونە شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەم شێوەیە باس لە هاتن و پەلاماری دڕندانەی داعش دەکە

ن و ئەو چیرۆکەسامناکانە بە شیعر دەگێڕنەوە . بۆ نموونە) ئیبراهیم ئەحمەد نیا (شاعیری سنەیی سەبارەت بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەڵێت :

**لەئێوارەی ئەم زەلکاوەدا**

**ئەڤین لەحزوری تریفەدا زیندەبەچاڵ**

**بەجلی تاریك و دڵی تاریکەوە**

**نوێژ لەسەر بەرماڵی باروت**

**تاگەیشتنە کۆتایی**

**تا دەڵێ:**

**ئەی منداڵانی شەنگال**

**ڕدێنی درێژی ئەوان**

**زەردەخەنەی ئێوە و فڕینی چۆلەکەی لەسێدارە دا**

)ئیبراهیم ئەحمەد نیا (هاتنی داعشیەکان بەو تاریکیەوە بە کۆتای ئەڤین و تریفە دەزانێ و بە دەرکەوتنی ئەوان بزە لە منداڵان دەتوریت و چۆلەکە لەسێدارە دەدرێن.

ساڵەح سوزەنی لە سەقزەوە دەڵێت :

**ئەوە نیە هەزاران و ئەوەندە ساڵە**

**هەر شیرە بە دەستتانەوە و**

**هەر حەفتا و دوو سەری پووچ چ چ**

**ئەمویست وشەگەلێکتان پێشکەش کەم**

**ئەوەندەی ئاوارەکانی شەنگال مەزن ن ن) فەرەج، (135:2014**

**تەوەری دووەم : بنەما هونەرییەکانی دەقی شیعری) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە (**

**2-2-1- مۆسیقای شیعر :مۆسیقای شیعر دووجۆرە ئەوانیش:**

**2-2-1-1- مۆسیقای دەرەوە :**

مۆسیقا ڕەگەزێکی سەرەکی و پێویستە لەشیعردا، بەبێ ئەو زمانە شیعر پێك نایەت، هۆکارێکی بنەڕەتییە لە جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و قسەی ئاسایی،) فلۆبیر (لەبارەی گرنگی مۆسیقای شیعرەوە دەڵێت) :دێرە شیعرێکی مۆسیقی و بەتاڵ لە واتا ، لەلای من لە دێرێکی واتاداری بێ مۆسیقا جوانترە .(مۆسیقای شیعر هەموو ئەو تایبەتمەندییە دەنگیانە دە

گرێتەوە، کە لەناو شیعردا کاریگەری ئیستاتیکی یان گوزارشتیان هەیە .ئەم تایبەتمەندییانەش لەمانەدا دەردەکەون) :ڕیتم ، کێش ، سەروا ، ... هتد) .(**حسێن،(83:2008**

**-2-1-2-2کێش** : یەکێکە لە ڕەگەزەکانی مۆسیقای شیعر ،)ئەرستۆکسنۆسی تارنتی (لە بارەی کێشی هۆنراوە دەڵێت) : کێش ڕێکخستنێکی دیاریکراوە بەپێی ماوەی کات واتا مودەی زەمەنی .(یان) نیری تووسی (لەکتێبی) معیاری اشعار (دەڵێت : کێش شێوەی ڕێکخستنێکی پیتە بزوێن و نەبزوێنە بەپێی جەردەیان بڵێین ژمارە) . (**موکری، (97:2006**

ئەگەر بڕوانینە ئەم دەقە شیعرییە دەبینین شاعیر شیعرەکەی لەسەر بنەمای سێ بڕگەی و چوار بڕگەی دامەزراندووە :

من لەئێستاوە ئەچمەوە باوەشە گەرمەکەی مەریەم×3×4) ٦(2×

من لەئێستاوە ئیتر ناو لەخۆم ئەنێم) یەسوع (و(2×7×5)

پێش ئەوەی گوڵێك لە شەقامەکانی مردنەوە هاواربکات×2×3) ٦×٤×٤(

وەرە خوارێ... لە خاچەکەت وەرە خوارێ×4) ٤×٤ (

من لە ئاسمانەوە دێمەوە ناوتان و(3×3×5×2)

بەرلەوەی بارانێ لێرەوە تێپەڕێ(3×3×3×3)

پاکیزەیەك چاوەڕێمە مەریەمێ سەرقاڵی خستنەوەی منە×4) ٤×3×3×٥(

ئەم دڵەی من چەند لێم دوورە×4) ٤(

برینی ئەم گۆرانیەم چەنە قوڵە×3) ٥×٤(

ئیدی من لەمرۆ بەدواوە(3×2×3)

ئەبمە باڵێك لەباڵاکانی) مەلەك تاوس×2×2) (٥×٤(

ئەبمە دەگاوانی لالش(2×4×2)

مۆمی ئەوین بۆتاریکی دڵان هەڵئەکەم×4) ٦ (3×

**-3-1-2-2سەروا** : سەرواش یەکێکی دیکەیە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی مۆسیقای شیعر ، بەڵام دەکرێت شاعیر دەستبەرداری بێت، یان لەگرنگی کەم بکاتەوە، ئەمەش بەپێی جۆری کێش و ڕیتمی شیعرەکە . سەروا بەشێوەیەکی جۆراوجۆر لە شیعری میللەتاندا بەکاردە هێنرێت، ئەوەی زیاتر لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتدا باوە) دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ یان زیاتر لە کۆتایی دێرە شیعردا) (**حسێن، .(86:2008**ئەم دەقە بەپێی ئەوەی کە دەقێکی ستونی نیە ، دوادەنگی هەر دێرێك بە سەروا دادەنرێت .ئەمەش لەبەر ئەوەی سستەمی مۆسیقای دەقە کە دەسەپێنێت، بەو پێیەش سستەمی سەروای دەقەکە بەم شێوەیە :

1.من لەئێستاوە ئەچمەوە باوەشە گەرمەکەی مەریەمA
2.من لەئێستاوە ئیتر ناو لەخۆم ئەنێم) یەسوع (وB
3.پێش ئەوەی گوڵێك لەشەقامەکانی مردنەوە هاواربکاتC
4.وەرە خوارێ... لە خاچەکەت وەرە خوارێD
5.من لە ئاسمانەوە دێمەوە ناوتانE
6.بەرلەوەی بارانێ لێرەوە تێپەڕێF
7.پاکیزەیەك چاوەڕێمە مەریەمێ سەرقاڵی خستنەوەی منەG
8.ئەم دڵەی من چەند لێم دوورەG
9.برینی ئەم گۆرانیەم چەنە قوڵەG
10.ئیدی من لەمڕۆ بەدواوەG
11.ئەبمە باڵێك لەباڵاکانی) مەلەك تاوسH
12.ئەبمە دەگاوانی لالشI
13مۆمی ئەوین بۆتاریکی دڵان هەڵئەکەمA

**2-2-2-مۆسیقای ناوەوە:**

مۆسیقای ناوەوەی شیعر کە ڕیتم پێکدەهێنێت .لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە، لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعردا مۆسیقای گشتی هەڵبەست پێکدەهێنن .مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات، بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، کە هەندێکجار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە .دەتوانین بڵێین مۆسیقای شیعری):بریتییە لە ئاوازی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێش خستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێك لە ئامرازە زمانییەکان بەجۆرێك کە زۆرجار لە کێشەکان کاریگەرتر دەبن) .(**مستەفا**، (**130:2008**لەم دەقی شیعرییەدا شاعیر گرنگییەکی زۆری بە مۆسیقای ناوەوەی شیعر داوە .بەجۆرێك کە گرنگی ئەوتۆی بە مۆسیقای دەرەوە نەداوە ئەو بۆشاییەی بە مۆشیقای ناوەوەی شیعرەکە پڕکردۆتەوە . ئەگەر سەرەنجێك بدەینە دەقە شیعرییەکە دەبینین ,پیتی) ن ( زۆرترین بەکارهێنانی هەبوو لەم دەقە شیعرییە بەوپێیەی کە دەنگێکی لووتییە و گڕە ).**خۆشناو** (**25:2013**,لە کۆتایی دێڕی (5,17,26 30,31,37,39,42,44,47,48,50,52,53,54,58,59,61,63,64,65,66,68,69,70,71,72) ,بەهۆی دووباربوونەوەی پیتی) ن (شاعیر جوانترین مۆسیقایی بەشیعرەکە داوە , هەروەها پیتی) م (کەدەنگێکی لوتیە وگڕە .شاعیر بە هەمان شێوە دووبارەی کردۆتەوە لە

کۆتایی دێڕەکانی ,(36,33,32,27,24,23,16,13,1) شاعیر توانیویەتی لەم ڕێگەیەوە جۆرە مۆسیقایەکی خۆش بەگوێی خوێنەردا بچرپێنێت ,تاکو خوێنەر چێژی لێ وەربگرن ,هە روەها پیتی) ر (ئەویش بەهەمان بە ڕێژەیەکی زۆر بەکارهێناوە ,کە دەنگێکی لەرزۆك وگڕە و دەبێتە هۆی دروست کردنی بارێکی جوڵاو لەشیعرەکەدا و جوڵاندنی هەست وسۆزی خوێنەر.

**2-2-2-زمانی شیعری :**

ئەگەر بڕوانینە شیعرەکە دەبینین وشەکانی هەموو وشەی سادەی خەڵکە، کوردی پەتین بەڵام شاعیر بەزمانێکی سادە بە شێوەیەکی هونەری جینۆسایدی کوردانی ئێزیدیمان نیشان دە دات و پیمان دەڵێت چ کارەساتێکی گەورە ڕوویداوە، هەروەها شاعیر لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە کۆمەڵێك ڕەمزی دروست کردووە .ڕەمز بەهایەکی ئیستاتیکی دیکەی شیعرەو ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیادی شیعردا هەیە، دەتوانین بلێین ڕەمز شتێکە، ئاماژە بۆ شتێکی تری نادیار دەکات، کە ئەمەش جەوهەری ڕەمز پێکدەهێنێت .یەکێك لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی ڕەمز بەخشینی جوانییە بە دەق، شاعیر بەمەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکی بەرز و ئاستێکی ناوازەی هونەری بە بەرهەمەکەی و دەرخستنی توانا و ئەفراندنەکانی پەنای بۆ دە بات) **.مستەفا، (168:2009**گرنگترین ئەو ڕەمزانەی شاعیر بەکاریهێناوە لەم دەقە شیعریە دا بریتییە لە :مەریەم) :ڕەمزە بۆ پاکیزەیی کچ و ژنانی ئێزیدی (، یەسوع) :ڕەمزە بۆ ئاشتی ولێبوردەیی و قوربانیدان(، پەپولە) :ڕەمزی بێ گوناهی (، کۆتر) :ڕەمزی ئاشتی و ئاشتیخوازی(، گوڵ) :ڕەمزە بۆ جوانی(، کانی و تریفە و ئەستێرە) :ڕەمزن بۆ کچ و ژنانی ئێزیدی(، ڕەشپۆش) :ڕەمزە بۆ تەعزێباری(، جانەوەر) :ڕەمزە بۆ چەکدارانی داعش . (

**3-2-2-لەڕووی پتەوی زمانەکەییەوە :**

ئاسانترین ڕێگا بۆ شیعری کردنی زمانی دەق، بەکارهێنانی ئاوەڵناوە وەك دیارخەر بۆ دیارخراوێکی نەگونجاو، بەهۆی ئەمەوە لادانی واتایی دروست دەبێت، بەڵام خاڵی نێگەتیڤی ئەم تەکنیکە ئەوەیە ئەگەر شاعیر لێهاتوو کارامە نەبێت ئەوا زمانی دەقەکە بەرەو فشەڵی دە بات، بۆیە شاعیر پێویستە بە وریاییەوە پەنابەرێتە بەر بەکارهێنانی ئاوەڵناو، ئەگەر بڕوانینە ئەم دەقە لەڕووی پتەوی زمانەکەیەوە پەنادەبەینە بەر) هاوکێشەی بۆزیمان (ی لەسەر بەرجە ستە دەکەین .

ژمارەی کارەکانی ناو دەقەکە (53) : کارە .

ژمارەی ئاوەڵناو (11) : ئاوەڵناوە .

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کەم دەقی شیعری هەیە ڕێژەیەکی زۆر ئاوەڵناوی تێدابێت، بۆیە بەرزی ڕێژەی کار بە بەراورد بە ئاوەڵناو بەڵگەی پتەوی زمانەکەیەتی.

**2-2-4-وێنەی شیعریی :**

)وێنەی شیعری لەسادەترین مانایدا وێنە کێشانە بە وشە) .**(عیسا، (21:2009**شاعیر لە ڕێگەی خستنەپاڵیەکی وشەکان وێنەکان بەرجەستە دەبن و گیانیان بە بەردا دەکرێت .کە واتە) وێنە ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی دیاریکراوە، شاعیر دەیوروژێنێت بەرامبەر بە هە لۆیستێکی دیاریکراو .(لەم دەقە شیعرییەدا شاعیر کۆمەڵێك وێنەی تازە و سەرەنجراکێش پێشکەشدەکات، بەرگێکی ئەدەبی جوان و باڵا بە بەری ئەم تاوانە قێزەونەدا دەکات .ڕووداو ئەو بارودۆخە سەخت و پڕ لە ئێش و ئازارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەش ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبی باڵا دیمەنە تراژیدییەکان بە وێنە شیعریی نایاب دەگێڕێتەوە . دەتوانین بڵێین خولقاندنی ئەم جۆرە وێنانە، نیشاندەری توانای لێزانی و بەسەلیقەیی شاعیرە . بۆنموونە دەڵێت :

**من لەئاسمانەوە دێمەوە ناوتان**

**بەرلەوەی بارانێ لێرەوە تێپەڕێ**

**پاکیزەیەك چاوەڕێمە مەریەمێ سەرقاڵی خستنەوەی منە**

شاعیر بە سەلیقە و توانستی خۆی وێنەیەکی داهێنەرانەی نەخشاندووە کە) تێپەڕینی باران (ە .شاعیر لێرەدا لادانی واتایی بەمرۆڤکردنی ئەنجامداوە و توانای جووڵەی بەخشیوە بە) باران .(دەتوانین بڵێین خولقاندنی ئەم جۆرە وێنانە، نیشاندەری توانای شاعیرە.

**حاشا ئێمە نابینە دراوسێتان**

**نابینە هاوسەفەرو هاودین و هاوڕێتان**

**ئێوە هەموو بەیانیەك**

**لەسەر عیشقێك خۆر سەر ئەبڕن**

شاعیر وێنەیەکی یەکجاری جوانی بەرهەمهێناوە، ئەویش) سەربڕینی خۆر(ە، شاعیر دیسان لادانی واتایی ئەنجامداوە، بەمەش جوانی بەدەقە بەخشیوە.

**من لەئێستاوە ئیتر ناو لەخۆم ئەنێم)یەسوع (و**

**پێش ئەوەی گوڵێك لەشەقامەکانی مردنەوە هاواربکات.**

لێرەدا شاعیر زۆر ژیرانە، بە شێوەیەکی هونەری وێنەیەکی شیعریی بنیاتناوە، کە )هاواری گوڵ(ە، لەڕێگەی لادانەوە شاعیر ئەم وێنە شیعرییە بەرزەی خوڵقاندووە، لەنێو دەقە کەدا پێشکەشی کردووە دەقەکەی پێ ڕازاندۆتەوە.

**تەوەری سێیەم : ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە نێو دەقی شیعریی ) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە(**

دەقی شیعریی) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە (یەکێکە بەرهەمە جوان و ناوازەکانی جەمال غەمبار کە جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی تیایدا بەرجەستە دەکات .وێنەی ئەو ئێش و ئازار و دیمەنە تراژیدییانەی نێو کارەساتەکە بەبەرگێکی ئەدەبی بەرزەوە پێشکەش دەکات .ئەگەر سەرنج بدەینە ناونیشانی دەقەکە دەبینین شاعیر ناونیشانێکی سەرەنجڕاکێشی بۆ دەقەکەی هەڵبژاردووە .لێرەدا پرسیاری ئەوەمان دێتە پێش بۆچی شاعیر) مەریەم (و )عیسا) (علیەسلام (ی تێکەڵی ئەم بابەتە پڕ لە تراژیدە کردووە ؟ پەیوەندی و خاڵی هاوبەشی چییە لە نێوان چیرۆکی مەریەم و کچ و ژنانی ئێزیدی ؟ وەك ئاشکرایە) مەریەم) (علیە سلام (مەبەستی لە دایکی حەزرەتی) عیسا(یە، بەهۆی پیرۆزیەوە سورەتێك لە قورئانی پیرۆز بەناوی) مەریەم (وە هاتووە ,کە تێیدا باسی چیرۆکی مەریەم و لە دایکی بوونی حەزرەتی عیسا دەکات، دیارە کە پێغەمبەر) عیسا (بەویستی خودا بەبێ باوك لە دایك بووە .وەك خودای بێ هاوتا لە سورەتی) موریم (، ئایەتی (21) دا دەفەرمووێت) : قال كذلك قال ربك هو علي هين و لنجعلة أية للناس ورحمة منا وكان أمرا مقضيا(، واتە :ئەو کارە لای من ئاسانە) کە بەبێ باوك ئەو منداڵە بهێنمە کایەوە(، بۆ ئەوەی بیکەمە نیشانە و موعجیزەیەك بۆ خەڵکی، هەروەها ڕەحمەتێکی تایبەتیش بێت لە لایەن ئێمەوە، ئیتر ئەو کارەش بڕیاری لە سەر دراوە و بڕاوەتەوە) . **امین، (2004:312** دوای ئەوەی) مەریەم (دووگیان دەبێت ,خەمو خەفەت و پەژارە دایدەگرێت، کێ باوەڕم پێدەکات کە ئەم منداڵە بەقودرەتی خودا بێ باوك پەیدابووە ؟ لە پڕ) عیسا) (علیە سلام (لە ژێر داوێنی بانگی دایکی کرد و وتی: دایە هیچ بیتاقەت مەبە، جاری ئەو لقە دارخورمایە ڕاکیشە بۆ لای خۆت و ئیستە خورمای پیدەگات و دائەکەوی بەسەرتا، لە بەردەمیشتا کانییەکی خۆش پەیدا دەبیت، خورما بخۆ و ئاوی شیرین بخۆ، هەرکەسێك پرسی ئەم منداڵە چییە ؟ تیی بگەیەنە کەبە ڕۆژووم لەسەر خۆمم نەزر کردووە کە قسە بکەم، بۆیە کەمێك هێمن بوویەوە، پاشان عیسا) علیە سلام (ی هەڵگرت و هاتەوە بۆ ناو قەومەکەی، کە) عیسا(یان بینی وتیان : ئەی مریەم ئەم منداڵە چییە ؟ خۆ تۆ نەباوکت و نەدایکت ئەخلاقیان خراپ نەبوو، ئەویش ئیشارەتی بۆ عیسا) علیە سلام (کرد کە لەم کوڕە بپرسن، ئەوانیش بەسەرسوڕمانەوە وتیان : چۆن قسە ئەکرێت لەگەڵ منداڵێکی ئاوهادا، لە پڕ) عیسا) (علیە سلام (هاتە قسە و فەرمووی : من عەبدی خودام، خودا فەزڵی خۆی و کتێبی پێ داوم و کردوومی بە پێغەمبەر، لە هەرجێگایەك بم بەبەرەکەتم و باعیسی بەرەکەتی ئەو شوێنەم،... هتد . بۆیە) عیسا) (علیەسلام (بووە فریادڕەسی دایکی و لە بری ئەو وڵامی قسە و تۆمەتی خەڵکی سەبارەت بەدایکی دایەوە، شاعیر ئەم چیرۆکەی وەرگرتووە و) کچ و ژنانی (ئێزیدی چواندووە بە) مەریەم (و هەردووکیان لە پاکی و پاکیزەی و بێ

تاوانیدا هاوبەشن و هەردووکیان تۆمەتی نارەوا دەدرێتە پاڵیان و شایەنی ئەو جۆرە مامەڵە خراپە نین کە لەگەڵیاندا دەکرێت . حەزرەتی) عیسا(ش رەمزە بۆ ئاشتی ونەرمونیانی و قوربانیدان لە پێناو ئەوانی دیکە، بۆیە دەتوانین بڵێین شاعیر داوا لە شوێنکەوتووانی )عیسا)(علیەسلام (دەکات کە مەبەستی وڵاتە زلهێزەکانە کە بچن بەهانای ئەو کچ و ژنە بێتاوان و مەریەم ئاسایانەوە و رزگاریان بکەن .لە دەست چەکدارانی داعش و ببنە فریادڕەس و خەمرەوێن و لەو دۆخە سەخت و نالەبارەی کە تێیدان . سەرجەم دەقەکە سەرگوزشتەی ئە و رووداو و کارەساتەیە کەبەسەر کوردانی ئێزیدیدا هات، شاعیر بەشێوەیەکی نا راستەوخۆ واتە بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبی باڵا گوزارشتی لەو رووداوە پڕ لەتراژیدە کردووە .دەقەکە شیعرێکی ڕیالیزمی سیاسیە دەچێتە چوارچێوەی بابەتێکی واقیعیەوە و یادەوەرییەکە بۆ ئەو کاتەی داعش زوڵمی و ستەمی لە کورد کردووە و هێرشی کردووەتە سەری هۆکارەکەشی ئایینە، بۆیە شاعیر بەم جۆرە دەست پێدەکات :

**من لە ئێستاوە ئەچمەوە باوەشەگەرمەکەی مەریەم**

**من لە ئێستاوە ئیتر ناو لە خۆم ئەنێم) یەسوع (و**

**پیش ئەوەی گوڵێك لە شەقامەکانی مردنەوە هاواربکات**

شاعیر لەسەرەتای شیعرەدا ڕەشبین و بێزارە و قووڵ دەبێتەوە، لەناو خۆیدا و هەست بە بێ هیوای دەکات، ژیان و خۆشیەکانی لێتۆراوە و چیتر ئەم شوێنە ناتوانێت خەونەکانی تێدا بهێنێتەدی ,بەهۆی هاتنی ئەو چەکدارەتوندڕەوانەیە کە بێ ئەمەلیان کردووە لە ژیان و ڕێگە نادەن بەئاشتی و ئارامی لە نێو خاك و نیشتیمان و ئازیزانی بژی .سەرەڕای ئەوەی وەك موسڵمان ئەو دینەیان قبوڵە کە ئایینی ئیسلامە، بەڵام ئەو هێزە بەناو ئیسلامە بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو دینە یەکناگرێتەوە، شاعیر عاشقی ژیانە و بەدووی ژیان و جوانی وهیچ چارێکی دیکەی نامێنێت .ناچارە بریاردەدات کە ناوی خۆی بگۆڕێت بە) یەسوع (تاکو وازی لێبهێنن ، ڕوو لە وڵاتی غەریبی بکات بۆ) باوەشی مە ریەم (کە ڕەمزە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا شوێنێکە ئاشتی و ئارامی و نەرمونیانی تێدایە هەموو ئە مانەش بەخاتری ئەوەی کە وازی لێبهێنن درێژە بەژیان بدات .

**من ئیدی لەمڕۆ بەدواوە**

**ئەبمە باڵێك لە باڵاکانی) مەلەك تاوس(**

**ئەبمە دەگاوانی لالش**

**مۆمی ئەوین بۆتاریکی دڵان هەڵئەکەم**

**ئەچمە بەردەم شورا بەگوڵ داپۆشراوەکانی شەنگال**

**ئیدی من لەمڕۆ بەدواوە**
**من یارسانی گیانی ئێوەم**
**دڵم ئەکەمە جامخانەی عیشقەکەتان...**

شاعیر بەئاگایە و هەست بەو ڕاستییە تاڵە دەکات کە نیشتیمان بێ پشت و پەنایە و بگرە لە ناخۆشیشدا یەك دەنگ و یەکڕیز نین و پەرتەوازەن و یەکگرتوونین ,ئەم هۆکارەش بووەتە هۆی ئەوەی نەیارانی کورد بەئاسانی بتوانن کورد جینۆساید و کۆمەڵکوژ بکەن .هە رجارەو بەبیانوویەك خەنجەری ژەهراوی لە پشتی ئەم نەتەوەیە بدەن ,و پارچەپارچەی بکەن و خەڵکەکەی بیچەوسێنینەوە زوڵمیان لێبکەن، بۆیە شاعیر ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت ,کە ببێتە پەرژین و خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو نیشتیمانەکەی و پاراستی کوردانی ئێزیدی و شەنگال بەجۆرێك ببێتە باڵێك لە باڵەکانی مەلەك تاوس و هەروەها ببێتە پاسەوانی دەرگاوانی لالش بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە کوردانی ئێزیدی .

**ئەی نیشتیمان،**
**ئەی پیری دڵ ئەی**
**شاخە سەختەکەی دڵم ئەی چاوی کورد،**
**لە خۆتەوە هەتا دوا سنورەکانی زیندەگی,**
**ڕوحکوژان بەدوای بەرزاییەکانی دڵتدا ئەگەڕێن**
**ئەی نیشتیمان...**
**منیش بەچراوگی شیعرەوە**
**دیوان بە دیوانی گوندەکانت ئەگەڕێم**
**ئاوێنە بەئاوێنەی باخچەکانت تەماشا ئەکەم ,**
**لە چرای خەونەکانت نزیك دەبمەوە**
**وەك پەروانەیەی عاشق**
**خۆم لە دەوری مۆمی باڵاکەت ئەگێرم .**

لە کاتی خوێندنەوەی ئەم شیعرە هەست بەخۆشەویستی نیشتیمان دەکەین) ,شاخی سە خت (ڕەمزە بۆ نیشتیمان لای شاعیر، هاوکات شاعیر ئاگادارە نیشتیمانەکەی وەك باخچەی بێ پەرژینە و بێ پشت و پەنایە کە) کوردستانە(، ناحەزان و نەیارانی بەردەوام لە هەوڵی بێ وچاندان بۆ لە بەینبردنی ئاشتی و ئارامی و شێواندنی جوانییەکانی ,و کوشتنی پیرۆزییە کانی و ئازاردان و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی و لەت لەتکردنی خاکەکەی، شاعیریش وەك ڕۆڵە یەکی چاونەترس و بەئەمەك و بە ورەیەکی پۆڵەینەوە ڕووبەڕووی دوژمنانی نیشتیمانەکەی دە

بێتەوە ,خۆشەویستی و وابەستەیی خۆی بەنیشتیمانەوە دووپاتدەکاتەوە و خۆی بەفیدای باڵای بەرزی نیشتیمانەکەی دەکات .

**بۆ گەیشتن بەنوری خوا بۆ گەیشتن بەئەهلی دڵ،**

**باخچەکانی ئەم وڵاتە پڕن لە گوڵی کاکەیی و**

**لە گوڵزاری یەزدیان و**

**لالەزارەکانی مەسیح پڕن لە کورد...**

لێرەدا) گوڵ، گوڵزار (ڕەمزە بۆ کاکەی و ئیزیدییەکان ,شاعیر باسی کۆمەڵگەی کوردی دەکات بەدرێژای مێژوو سەلماندوویەتی کە شوێنی پێکەوەژیان و بووەتەچەتری کۆکەرەوەی نە تەوە جیاواز و ئایینەجیاوازەکان وبەمەش جوانی و پیرۆزیەکی بێ وێنەی بەخشیووە بە نیشتیمان، ئەو پێکەوە ژیان وتەبایی و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە باشە کە لە نێوان پێکهاتەو ئەدیانە جیاوازەکانی ناو کورد هەن وەك ئێزیدیان و کاکەیی و مەسیحی و موسڵمان لە ناو کوردان و بەشێوەیەکی ئاشتیانەو بێ کێشە پێکەوە دەژین ناکرێت ئەو هێزێکی وەك داعش تاك لایەنانە و بیروبۆچوونی خۆیان بەسەر کوردستاندا و بسەپێنن ,خەڵکی قەتڵ و عام بکە ن و بەویستی خۆیان مامەڵەیە بکەن ,سەرچاوەی ئەو پێکەوە ژیانە تێکبدەن ,و جوانییەکان بشێوێن ,و فوو لە چرای خۆشی و شادی و ئارامی ئەم نیشتیمانی پڕ لەئازارە بکەن .

**ئەو کچە پەپولانە بوێ کوێ ئەبەن ؟**

**ئەو کۆترە ژنانە بەکام ئایەتی ئەنفالدا هەڵئەواسن ؟**

**کچ و ژنە ڕەشپوێشەکانمان بدەنەوە و خۆتان بچنەوە بۆ دۆزەخ**

**بڕۆنەوە بۆ بیابانێك نەمێرگی ژیان ئەناسێ نەکانی ئومێدێ...**

شاعیر لێرەدا)پەپولە (ڕەمزە بۆ پاکی کچانی ئێزیدی ,و) کۆتر (کەڕەمزە بۆ ئاشتیخوازی بۆ) ژنانی (ئێزیدی بەکارهاتووە،) ڕەشپۆش (ڕەمزێکی گشتیە بەمەستی تەعزێباری بەکارهاتووە، شاعیر دەپرسێت لە ئەنجامدەرانی ئەو کارە وەحشیگەرەیەتە ئەو کچ و ژنە پاك و بێ گوناهانە بۆ کوێ و دەبەن تاوانیان چییە ؟ ئەمجارە بەچی پاساو و بیانوویەك ستەمیان لێدە کەن؟ چونکە نەیارانی گەلی کورد پێشتر هەرجارەو بەپاساوێك و لە ژێر چەندین ناوەوە هە وڵی قڕکردن و سڕینەوە و وەدەرنانیان داوە وەك پرۆسەی ئەنفال وکیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بۆیە شاعیر پێیان دەڵێت ئیتر بەسە زوڵم و ستەم کردن، بهێڵن هەناسەیەکی خۆشی و ئازادی هەڵبمژێت، با شین و گریان ئیتر بەس بێت، دەست لە بەرۆکی ئەم خەڵکە بەش مە ینەت و خێرلە خۆنەدیوە هەڵبگرن، تا چیتر دایکانی ئەم نیشتیمانە جگەرسوتان نەبن و ڕۆڵە

شیرینییەکانیان بەدەستی خۆیان نەنێژن و کراسە ڕەشەکانیان دابنێن .ئێوەش بڕۆنەوە بۆ ئەو دۆزەخەی کەلێوەی هاتوون کەلێوان لێوە لە توندوتیژی وخوێنڕێژی و نائومێدی.

**ئەو کچانە ئەو ژنانە ئەوانە کەنیسەکی کۆشك وچرایی خەلیفەکانی ئێوە نین**

**ئەوانە حۆرییەکانی بەهەشت و غەنیمەتەکانی شەڕو**

**فتوحاتی خوێناوی والی و ئەمیر و جانەوەرە مەرگدۆستەکانی ئێوە نین**

**ئەوانە گوڵ و ئەوانە دڵ و**

**ئەوانە گلێنەی داگیرساوی ئێمەن**

**ئەوانە ژنی جوامێر ئەوانە ئافرەتی سەلارو**

**ئەوانە کچانی وەك چرای پڕ لە شەوقی ناو دڵی ئێمەن...**

شاعیر توڕەیە لە ئەنجامدەرانی ئەم کارە نامرۆڤانە بە) جانەوەری مەرگدۆست (لەقەڵە میان دەدات، و ڕایدەگەیەنێت کە ئەو کچ و ژنانەی کۆشك و ماڵە تاریکەکانی ئێوەیان ڕووناککردۆتەوە ,و بوونەتە ڕووناکی و ئارامی و ئاسودەی بە ڕوحی چەپەڵتان ,ئەوانە موڵکی ئێوەنین و ئەوانە دەستکەوت و بەجێماوەکانی شەڕ نین ,تاکو خەلیفەو والییە دڕەندەکانی ئێوە بەدەستکەوتی خۆیان بزانن ,بەویستی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، بەڵکو ئەوانە کچ و خوشك و دایکی ئێمەن .ئەوانە بەشێکن بەڕوحی ئێمە .ئەگەرچی بەجەستە لێمان دوورن ,بە ڵام بەڕوح هەمیشە لەگەڵماندان .

**ئێوە هەموو بەیانییەك لەسەر عیشقێك خۆر سەر ئەبڕن**

**ئێوە لە هەموو حیکایەتێکدا لەسەر شیرینێك دەیان فەرهاد تیرۆر ئەکەن...**

**حاشا ئێمە نابینە دراوسێتان نابینە هاوسەفەرو هاودین و هاوڕێتان...**

شاعیر شوناسی ڕاستەقینەی داعشیەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات و بەناخیاندا شۆڕدەبێتەوە. کە هێندە مەرگدۆست و دڵڕەق و توندوتیژن ئامادەن لەسەر بچوکترین کارێك خوێنی مرۆڤە کان دەڕێژن و دەیانکوژن، دژی خۆشەویستی و ئاشتی و پێکەوەژیان و جوانین، لە لای ئێوە خۆشەویستی تاوانە و ئەو کەسەی خۆشەویستی دەکات دەرئەنجامەکەی تیرۆر کردن و کوشتنییەتی، بۆیە شاعیر بەهۆی ئەو ڕەفتارە دڕندانەی کە داعش هەیانە و نەفرەتیان لێدە کات و حاشایان لێدەکات کە میللەتی کورد وەك ئەوان بێت ,چونکە مێژوو شاهیدە کە کورد ژیاندۆستە و دەستی بۆ خاکی هیچ کەسێك نەبردووە ,و کوردستانیش شوێنی پیکەوە ژیانی پیکهاتە جیاواز و موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و کاکەی و... هتد بووە .بەبێ هیچ کێشە یەك پێکەوە بەئاشتی و ئارامی ژیاون ,بەهیچ جۆرێك ئێمە نابینە هاوکار و هاوڕێتان .

**دەرئەنجام:**

لە ئاکامی ئەم کارە زانستیەماندا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێکی دیاریکراو کەگرنگترینیان ئەمانەن-:

-1ناوی ئێزیدی لە وشەی ) یەزد ( و) یەزدان ( هوە هاتووە ,کەبەواتای خودا و پەروەردگار دێت، هیچ پەیوەندییەکیان بە)یەزیدی کوڕی معاویە (وە نییە.

-2لە مێژوودا ئێزیدییەکان چەندین جاری دیکە لەلایەن دەسەڵاتدارە جیاجیاکانەوە لەسەردەمە جیاجیاکانی ناوچەکەکەوە هەرجارەو بە بیانوویەك پەلاماردراون هێرشیان کراوەتە سەر.

-3ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی سوریا لەو وڵاتە دەرکەوتن و لە ماوەیەکی کەمدا توانیان دەستبگرن بەسەر شاری موصڵ و پاشان هێرشیان کردەسەر شەنگال.

-4لە هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال بووە هۆی کوژرانی سەدان کەسی بێتاوان و ڕفاندنی زیاتر لە (6000) کچ و ژنی ئێزیدی و ئاوارە ودەربەدەرکردنی خەڵکەکەی.

-5ئەدەب یەکێکە لەو لایەنانەی دەرگای لەم بابەتە کردۆتەوە و تێیدا ڕەنگیداوەتەوە و شاعیران و ئەدیبان تیشکیان خستۆتەسەر و بەخامەکانیان وێنەی ئەو ئێش و ئازارانەیان لە نێو دەقە شیعرییەکانیان بەرجەستەکردووە .

-6جەمال غەمبار لە دەقی شیعری) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە(دا ,بە رگێکی ئەدەبی جوانی کردووە بە بەری جینۆسایدی ئێزیدییەکان و ئەو زوڵم و ستەم و خەم و ئازارانەی بەهۆی پەلاماردانی داعشەوە توشیان هات لەو دەقەدا ڕەنگیداوەتەوە ,هاوکات هاوخەمی و پشتیوانی خۆی بۆ خوشك و برایانی ئێزیدی لە چوارچێوەی ئەم دەقە شیعرییەدا خستۆتەڕوو .

**ڕاسپاردە :**

لە ئاکامی نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕاسپاردانە لەلای توێژەر گەڵاڵەبوو دەیخەینەڕوو بۆ توێژەرانی دواتر تاکو توێژینەوەی زانستیان لە بارەوە ئەنجام بدەن:

-1ئەنجامدانی توێژینەوە گرنگ و بەپێزتر دەربارەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان .

**پێشنیار :**

لە بەر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیە ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو :

-1گرنگیدانی زیاتر بە ئاوەدانکردنەوەی قەزای شەنگال لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە.

2-چارەسەرکردنی کێشەی شەنگال و دیارکردنی ئایندە و چارەنوسی شارەکەیان، کە پێویستە پرۆژەیەك لەلایەن ئێزیدییەکان خۆیانەوە ئامادەبکرێت کە ببێتە جێگەی ڕەزامەندی سە رجەم پێکهاتەکانی ئێزیدی .

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان :


-1ئەمین، بورهان محمد(2004) : ، تەفسیری ئاسان، انتشر احسان، تهران .
-2بارزانی، ڕێبوار ڕەمەزان(2018) :، جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر.
-3باسیرە، د.سالار ,(2014) :جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وبەنێودەوڵە تیکردنی ,چاپی یەکەم ,چاپخانەی پیرەمێرد ,سلێمانی.
-4بۆرەکەی، صدیق(2002) :، ئێزیدییەکان و ڕێ ڕچەکەیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی .
-5بیتنەر، ماکسیملیان(2007) :، هەردوو کتێبی پیرۆزی یەزیدییان، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاراس، هە ولێر.
-6بێکەس ,شێرکۆ (2006) : ، دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی شەشەم ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی.
-7حسێن، سەربەست(2002) :، ئێزیدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری)ی.ن.ك(، چاپی دووەم، سلێمانی.
-8خۆشناو ,نەریمان عەبدوڵلا (2013) :دەنگسازی ,چاپخانەی ڕۆژهەڵات ,هەولێر.
-9ڕەحمانی، وریا(2009) :، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
-10رەسول، د.شوکریە ,(1989 ) ,ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ,زانکۆیی سەڵاحەدین ,هەولێر.
-11رەفیق، ئومید، د.عابد خالد، د.جلال حسن، د.هەردی مهدی(2019) :، سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆرسیتیەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی.
-12سامی، قاموسولئەعلای شەمسەدین(2008) :، <u>کوردوکوردستان</u>، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هە ولێر.
-13سلێمان، تەها(2014) :، <u>تێگەیشتن لە ئەنفال وەك جینۆسایدی کورد</u> ,چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرە مێرد ,سلێمانی.
-14سلێمان، تەها(2015) :، <u>جینۆسایدی ئێزیدییەکان نوسین و دیکۆمێنت</u>، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی.
-15سورمێ، هەژار فەقێ(2006) :، <u>کورد وجینۆساید وئیبادەکردن ,هەڵویستی یاسایی نیودەوڵەتی</u> ,چاپی یەکەم ,چاپخانەی موکریان ,سلێمانی.
-16شالیان، ژێرار(2010) :، <u>تراژیدیای کورد)ڕاپۆرتێك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان</u>(، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
-17شڤیلی، ا.م.مینتیشا(2008) :، <u>کورد) کورتەی پیوەندی کۆمەلایەی– ئابووری، ڕۆشنبیری وگوزەران</u> (، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
-18گوڵ، د.مارف عمر ,(2007) :<u>جینۆسایدی گەلی کورد لە بەرۆشنایی یاسایی نێودەوڵەتیدا</u> ,چاپی یەکە م ,چاپخانەی ئاراس ,هەولێر.
-19عەباس، گەیلان ,هەڵمەت محەمەد، ئاریا ڕەئوف ,هتد(2018) : ، <u>پرسەسیاسیە هاوچەرخەکان</u>، چاپی یەکەم ,چاپخانەی ژین .
-20عەبدولواحێد، ئازاد(2013) :، <u>سۆسیۆلۆژیای ئەدەب</u> ,چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.
-21عوسمان، سالّەح(2021) :، <u>تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندن</u>، چاپی سێیەم، چاپخانەی بینایی
-22عیسا، هاوژین سڵێوە(2009) :، <u>بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا</u>، چاپی یەکەم , چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
-23فەرەج، لە تیف فاتیح(2014) :، <u>شەنگال ئەنفالێکی تر</u>، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی .
-24کەرمەلی، ئەنستانس ماری(2006) :، <u>کتێبی ئێزیدییەکان و بیبلیۆگرافیای ئێزیدیەکان</u>، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

-25کەرمەلی، ئەنستانس ماری(2012 ):، کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس هەولێر.
-26کەریم، ماکوان(2018) :، مەملە کەتی شەیتان، چاپی دووەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
-27کۆمەڵێك نوسەر(2015) :، داعش وداعشناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، هەولێر.
-28کۆمەڵێك نوسەر(2018 ): ، پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی ، چاپی چوارەم، بەڕێوبەری گشتی پرۆگرام وچاپەمنییەکان، هەولێر.
-29گەنتەر، مایکڵ(2007) :، فەرهەنگی مێژووی کورد، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
-30محمد، ئەحمەد فاتیح(2012) :، کورتەیەك لەسەر جینۆساید وتاوانکاری نێودەوڵەتی, چاپی یەکەم , چاپخانەی کەمال ,سلێمانی.
-31مستەفا، ئاسۆ عومەر(2009) :، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم ,چاپخانەی خانی، دهۆك .

## سەرچاوەی عەرەبییەکان :

-1الكرملي، الادب انستاس(1899) :، اليزيدية، المشرق، المجلد الثانى، بيروت.
-2الدملوجي، صديق(1949) :، اليزيدية، الموصل.
-3سارتر، جان بول(1971):، ما الادب، ت :محمد غنيمى هلال ,مكتبه الانجلو المصريه ,القاهرة.

## نامەی ماستەر :

-1عومەر ، د.مەهدی فاتیح عومەر ,( 2019):پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لەئەدەبی کوردیدا ، نامەی دکتورا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

## گۆڤار :

-1ئەبوبکر ، هەڤاڵ ,(2006) :ئەنفال لە جینۆسایدکردنی نەتەوەیەك لە بێدەنگیدا، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژ.9:
-2قادر، د.نازناز محمد، درندەی تیرۆرستان و گەورەی تاوانی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی لە تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفالی گەرمیان و بارزان کەمتر نەبوو ، گۆڤاری گوڵان، ژ. 1122:
-3ق.نەبەرد(1947) : ، نامەیەك بۆ ئەدیبەکانمان، گۆڤاری گەلاوێژ ,ژ. (10-9)
-4موکری، کامەران(2006) :، زانستی عەرووز، گۆڤاری ڕامان ، ژ(114) :، چاپخانەی خانی، دهۆك .

## سەرچاوەی ئەلیکترۆنی :

-1ئەردەڵان عەبدوڵڵا، جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە زاری شایەتحاڵەکانەوە، (https://dengekan.info/archives/784 HYPERLINK "https://dengekan.info/archives/7843"3 )، بەرواری (3/8/2016) بڵاوکراوەتەوە.
-2بورهان شێخ ڕەئوف، داعش لە بێشکەوە تا گۆڕ، https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864 HYPERLINK "https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1036"& HYPERLINK "https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1036"nuser=10 HYPERLINK "https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1036"3 HYPERLINK "https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=2864&nuser=1036"6، بەرواری 4/6/2019بڵاوکراوەتەوە.
-3شێرزاد حەسەن، لە ستایشی ئەدەب , https://www.youtube.com/watch?v=qhU_Oh49gV4, بەرواری 30/10/2013 بڵاوکراوەتەوە
-4جەمل غەمبار ، دەقی شیعریی) لەخاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمی چاوەڕێتە (، https://www.youtube.com/watch?app=desktop HYPERLINK "https://www.youtube.com/watch?app=desktop&v=i0jTkKJRT14"& HYPERLINK

"https://www.youtube.com/watch?app=desktop&v=i0jTkKJRT14"v=i0jTkKJRT14 .

**پوخته**

شیعر یەكێكە لەو كایە مەعریفیانەی ,کە زۆرجار وەك سەرچاوەی ڕەسەن لە توێژینەوەی مێژوویيدا هاوكار دەبێت و دەقە شیعرییەکان لە زۆرکاتدا کەلێنی گەورەیان لە گەیشتن بە ڕاستیە مێژووییەکان پڕکردۆتەوە ,و هاوکاربوون لە گەیشتن بەڕاستییەکان، ڕووداوی هێرشکردنە سەر ئێزیدییەکان یەکێك بوو لە ڕووداوە پڕ لە تراژیدیاکانی سەدەی بیستەم و جارێكی دیکە هێرشکرایەوە سەر ئێزیدییەکان .ئەمجارەیان لەلایەن داعشەوە بەشێوەیەکی دڕندانەیە و کوشتنیان و ڕفاندنی زیاتر لە شەش هەزارکەس کەبەشی زۆریان لە کچ و ژن پێکهاتبوون، پاشان سەوداکردن و مامەڵەکردنیان پێیانەوە، پاشان ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی، ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە) : کوردانی ئێزیدی و ڕەنگدانەوەی لە خامەکەی جە مال غەمبارد(، توێژینەوە و بەدواداچوون بەدوای وردەکارییەکاری ئەم ڕووداوە بەگرنگ دە زانم و وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە هەربۆیە هاندەری سەرەکی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە بوونی ئەو هۆنراوە ناوازەی شاعیری ناوداری کورد) جە مال غەمبار (بەناوی) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە (کە پێشکەشی ئەو کچ و ژنانە کردوە کە داعش ڕفاندوونی، هۆکاری دووەمی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو . بێگومان ئەنجامدانی لەسەر هەرکارێك چەندین ئامانج و مەبەستی لە پشتەوە هەیە، ئامانج لەم کارە زانستیە بریتییە لە دەرخستنی شوناسی ئێزیدییەکان و خستنەڕووی بەشێك لەو زوڵم و ستەم و پەلامارانەی کە کراونەتە سەر ئێزیدییەکان بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ ئەوەشدا سەلماندنی ئەوە ی کە ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەنن و پاشان ڕاستکردنەوەی چەند بیروڕاو قسەیەکی ناڕاست کە دەربارەی ئێزیدییەکان دەوترێن لەوانە : ئیزیدییەکان) شەیتان پەرستن(، یاخود ئیزیدییەکان بە) یەزیدی (ناودەبرێن بە شوێنکەوتەی) یەزیدی کوڕی مەعاویەن(، گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە ,کە تاکو ئێستا بەرادەی پێویست ئاوڕ لە بابەتی مێژووی ئێزیدییەکان و ڕە نگدانەوەی لە نێو ئەدەبی کوردیدا ئەنجام نەدراوە، لە کۆتاییشدا گرنگی و بەپێزی دەقی شیعری) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە (ی) جەمال غەمبار(، بوەتەهۆی دە وڵەمەندکردن و بەپێزی توێژینەوەکە .توێژینەوەکە لە چوارچێوەیەکی دوو بەشدا ئەنجامدراوە کە بەشی یەکەم تیشك دەخاتەسەر هەریەکە لە شوناسی ئێزییەکان و مێژووی چەوساندنەوە و پە لاماردانی ئێزییەکان پاشان داعش و پەلاماردانی شەنگال، بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ گوزارشتکردنی لە ڕووداوەکان و پاشان ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە دەقی) لە خاچەکەت وەرە خوارێ مەریەمێ چاوەڕێتە (ی جەمال غەمباردا.

**الملخص**

الشعر يعتبر كوسيلة بارزة من وسائل المعرفية التي تساعد في اكتشاف حقائق و البحوث التاريخية .بيوت الشعرية دوما ساعدوا كشف الحقائق في اجزاء التاريخية المفقودة . المهاجمة على الايزيديين في شنكال بشكل قاسية من قبل داعش كانت من اكبر احداث تراجيديا في قرن واحد و العشرين لأنه ادى الى الإختطاف و مقتل اكثر من 6 الف أشخاص الذين اكثرهم كانوا من نساء و الاطفال و بالتالي تم التجارة بهم في سوق الرق

العنوان هذا البحث هو" الأكراد الإزيديين بالقلم جمال غمبار . "أجد البحوث في هذا المجال بتفاصيل مهما جدا.إذن لقد اخترت هذا الموضوع لسببين .اولا كفرد من افراد المجتمع أردت أن أوضح التفاصيل لأحداث التأريخيية خصوصا على الإزيديين و ثانيا الشعر العظيم لشاعر الكردي الشهير" جمال غمبار "بعنوان" إنزل من صليبك، مريم تنتظرك" ما قدم جمال غمبار الى نساء و الأطفال المخطوفة من قبل داعش .الغرض من هذا البحث العلمي هو تشخيص الهوية الإيزيديين كجزء من الشعب الكردي و بالتالي عرض جزء من الظلم و المهاجمة التي تم عليهم طوال التأريخ .و تصحيح بعض الأفكار خطأ على الإيزيديين منهم) :الإيزيديين هم عابد الشياطين (أو يسميهم ب يزيد على الأساس هم تابعين "يزيد إبن معاوية ."أهم شيئ حول هذا البحت هو الحقيقة التي لم يتم اي بحث عليها مثل ذلك في الأدب الكردي ما هو على التأريخ و الهوية الإيزيديين من قبل .و في النهاية تعتبر الأهمية و القوة شعريية لشعر شاعر العظيم جمال غمبار بعنوان" انزل من صليبك، مريم تنتظرك "أساسيا في بحوث على الإيزيديين الذي بحاجة الى بحث .هذا البحث يتكون من جزئين :أولا يركز على هوية، تأريخ الظلم، مهاجمة على الإيزيديين و مهاجمة على شنكال من قبل داعش .و ثانيا الآدب والتعبير عن الاحداث ,انعكاس الابادة الجماعية الايزيدية في البيت الشعر لشاعر جمال غمبار" انزل من صليبك، مريم تنتظرك. "

**abstract**

Poem is typically regarded as one of the most generic references in historical researches. In other words ،poems help seek and reveal missing parts of truth in the history by which poems are regarded as "asset" to reveal historical truths. A brutal attack on Yazidis by Islamic State in Iraq and Syria is one of the most tragic events in the 21st century which led to displacement and kidnapping of approximately 6000 people in which the majority were girls and women. Most of those people were sold and trafficked. The title of this research is: Yazidi Kurds by Jamal Ghambar. I find researches on this tragic event highly significant as a Kurdish individual and this is one reason which urged me to choose this topic. On the other hand ، the great poem by Kurdish famous poet Jamal Ghambar in the name of (Get out of your cross ،Merriam is awaiting you) dedicated to the victims kidnapped by ISIS was another reason I chose this topic. The purpose behind this scientific research is to identify Yazidis as oppressed people and explain attacks and oppressions on Yazidis throughout the history. Another purpose is to prove that Yazidis are parts of Kurdish nation. In addition it is also to correct some wrong common ideas about Yazidis such as; (Yazidis are Devil(Satan) worshipers) or Yazidis are named after Yazid ،the son of Maawyya claiming that they are Yazids followers. One of the most significant things about this research is that there have not been any researches about the history of Yazidis in Kurdish literature so far. Eventually a poem by Jamal Ghambar (get out of your cross ،Merriam is awaiting you) led to strengthening. The first section of this article concentrates on Yazidi identification ،history of oppression ،attack on Shengal by ISIS. And the second sectionLiterature and expressing the events ،then Reflection of Yazidi genocide in the poem(get out of your cross ، Merriam is awaiting you) by Jamal Ghambar .